دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
# کوردستان
ژمارە: ٥٢٠
www. kurdistanukurd.com
چوار شەممە ١٥ی رەزبەر ١٣٨٨ ـ ٧ی ئۆکتوبەر ٢٠٠٩ ـ ١٥٠
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

**کوردو بزووتنەوەی سەوز**

سیاسی


**لەسەر قسەکانی ئەحمەدی‌نژاد لە کۆڕی گشتیی un دا**

کوردستانی

**ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس لەسەر بنەمای "تەعریب و تەرحیل" دامەزراوە**

کۆمەڵایەتی


**شانازیەکی دیکە بۆ ژنانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا**

خالید عەزیزی لە کۆنفرانسی ساڵانەی لیبرپارتیدا :
# نابێ پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران، فیدای کێشەی ناوکی بکرێن

## پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکی ئێمە

**قادر وریا**

ناوەندی هەواڵی "کوردستان و کوردنیوز" لە کۆتایی هاوینی ئەمساڵ دا راپۆرتێکی لە بارەی درێژەی پێشێلکرانی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، بڵاو کردەوە. بە گوێرەی ئەم راپۆرتە لە ماوەی ٣ مانگی هاوینی رابردوودا ٥٨ کەس لە خەڵکی کوردستان بە هۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون و ٢٨ کەسیش بریندار کراون. هەر لەم ماوەیەدا ٧٦ کەس لە چالاکانی مەدەنی گیراون کە ٣٠ کەس لەوان بە بێ ئەوەی مافی گرتنی پارێزەریان هەبێ بە ٦ مانگ تا ٢٥ ساڵ زیندان مەحکووم کراون. زۆربەی کوژراوەکان ئەو کاسبکارو کۆڵبەرانە بوون کە لە ناوچە سنوورییەکان کاری راگوێزتنی بارو کەلوپەلی پێویستی رۆژانەیان کردوەو هێزەکانی رێژیم داویاننە بەر دەسرێژ. هەر لە ماوەی هاوینی رابردوودا، ٦ کەس بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و ٤ کەسیش بریندار بوون. ناوەندی هەواڵی "کوردستان و کوردنیوز" رای گەیاندوە، ئەو ئامارانەی لە راپۆرتەکەی دا هاتوون هەموو قوربانیانی پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەم ماوەیەدا ناگرێتەوەو، تەنیا ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە لەم ماوەیەدا بەم ناوەندە گەیشتوون! لە راستی دا ژمارەی قوربانییەکانی مافی مرۆڤ و نموونەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵك زۆر لەم ئامارانە زیاترن.

بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتە دەتوانێ بۆنەو بیانوویەك بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کۆمەڵێك راستی وەبیر بێنینەوەو سەرنجی بیروڕای گشتی و بەتایبەتی کۆرو کۆمەڵ و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ئاستی ئێران و دنیادا بۆ لایان رابکێشین:

یەکەم، کوشتنی بێ پەروایانەی مرۆڤەکان و لەبەر چاوەنەگرتنی تەنانەت سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانی دانیشتووانی کوردستان، تایبەت بەم هاوینە، بەم ساڵ، یا قۆناغ و سەردەمێکی تایبەتەوە نیە. لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کارو دەسەڵاتە جەهەننەمییەکەی، کوردستانی گرتۆتەوە، ئەم رەوتە وەکوو سیاسەتێکی هەمیشەیی درێژەی هەبووە.

دووهەم، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەوانەیە ناوێکی گونجاو نەبێ بۆ ئەو کردەوە و رەفتارانەی کاربەدەستان و دام دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو رێژیمە لە کوردستان و لە دژی دانیشتووانی ئەم بەشەی وڵات بەرێوەی دەبەن. "پێشێلکردنی مافی مرۆڤ" کاتێك مانای هەیە کە دەسەڵاتی وڵات مافەکانی مرۆڤی بەرەسمی ناسیبێ و مافەکان نهادینە بووبن و، و دابینکردن، و رێزلێگرتن و بەرێوە بردنی مافەکان بووبن بە رەواڵ و رەوتێکی ئاسایی. لەو حاڵەتەدا، ترازان لە ریوشوێنەکان وەك شتێکی نائاسایی و وەك پێشێلکردن چاوی لێ دەکرێ. بەڵام لێرە لە کوردستان رەواڵی ئاسایی، بریتییە لە پشتگوێ خستنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ و تەنانەت ستاندنی گیانیشیان بووە بەشتێکی رۆژانە و ئاسایی. بۆیە جێی خۆیەتی ئەگەر کردەوەو رەفتاری دام و دەزگاکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ناوێکی گونجاوتر لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆ وێنە "نسل کشی" یا "ئاسمیلاسیۆن" و ناوی دیکەی لەم چەشنەی لە سەر دابنرێ.

٢.١

لە کۆنفرانسی ساڵانەی لیبرپارتی (حزبی کرێکاری بریتانیا)دا، کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وێڕای سەدان هەیئەت لە حیزبە سوسیالیست و دێموکراتەکانی جیهان، بە فەرمی بانگهێشت کرابوو، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرنجی بەشدارانی بۆ پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە راکێشا. رۆژی دووشەممە ٦ی رەزبەر (٢٨ی سێپتامبر)، عەزیزی لە یەکەم رۆژی بەشی نێونەتەوەیی ئەو کۆنفرانسەدا سەبارەت بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران وتارێکی پێشکەش کرد. سکرتێری گشتیی حیزب لەم وتارەدا گوتی: دنیای دەرەوە نابێ کێشەکانی ئێران تەنیا لە مەسەلەی چەکی ئەتۆمی‌دا چڕ بکاتەوەو پێویستە گرنگی بە پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا بدا. لەم ژمارەیەی کوردستان دا، راپۆرتێك لە بارەی بەشداریی هەیئەتی حیزب لەم کۆنفرانسەدا، هەروەها وتارێك لەم پێوەندییەدا بڵاو بۆتەوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەیان رادەکێشین:



## سەردانی هەیئەتیک لە مروڤدۆستانی نۆرویژی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک



نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٨ی رەزبەر(٣٠ی سێپتامبر) هەیئەتێك لە مرۆڤدۆستانی نۆرویژی کە لە نێویان دا مامۆستای زانکۆ و رۆژنامەنووس، سیاسەتمەدار، لێکۆلەر و بەرپرسانی چەند رێکخراوێکی خێرخواز و مرۆڤدۆستی نۆرویژی دەبیندران، سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن هاوڕێیان مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتییو قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشوازیان لێ کرا.

ئەم هەیئەتە کە بەڕێز (یان ئۆتۆ مێرست) سیاسەتمەدار و وەزیری تەواوی کلیساکانی نۆرویژ سەرپرستیی دەکرد، لە بارەی گیر و گرفتەکانی ئاوارەکان و پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن زانیاری و روونکردنەوەیان لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان داوا کرد.

لەم پەیوەندییەدا ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب کێشە و گرفتەکان و بارودۆخی ئاوارەکان و پەنابەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمیان بۆ هەیئەتی میوان شی کردەوە و دەرەتانی سەردانی دوو کەمپ و دیتنی چەند بنەماڵەی پەنابەری رۆژهەڵاتی کوردستانیان بۆ میوانەکان پێك هێنا.

هەیئەتی میوان بەڵێنی دا سەرنجی رێکخراوەکانیان و هەروەها سەرنجی کۆمەڵگە و دەوڵەتی نۆرویژ بۆ گیر و گرفتی جۆراوجۆری ئەو پەنابەرانە رابکێشن.شایانی باسە سێ کوردی دانیشتووی نورویژ سەر بە ئایینی یارسان کە لە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی نۆرویژ دا چالاکن، هاوڕێیەتی ئەم هەیئەتەیان دەکرد.

## دوور خرانەوەی یەک لە دوای یەکی گیراوانی کورد بۆ گرتووخانەی شارەکانی دیکەی ئێران

رەوتی دوورخستنەوەی چالاکانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی سنەوە بۆ شارەکانی ئێران دەستی پێ کردوە و ئامانج و مەبەستی شاراوەی کاربەدەستانی رێژیم بۆ وەها بڕیارێکی لە ناکاو روون نیە.

ماڵپەڕی "رەوانیوز" لە راپۆرتێک دا ئاشکرای کرد کە پاش دوور خستنەوەی جەوادی عەلیزادە و کاوەی جەوانمەرد بۆ بەندیخانەکانی هەمەدان و کرماشان لە ماوەی حەوتووی رابردوودا، رۆژی یەکشەممە، ١٢ی رەزبەر فەردین مورادییش بەرەو بەندیخانەی خورەم ئاباد دوور خرایەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هیچکام لەو بەندکراوانە حوکمی دوورخستنەوەیان بە سەردا نەسەپێندراوە.

دوورخستنەوەی بەندکراوانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە کاتێکدایە کە لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا دەنگۆی ئەگەری لە سێدارەدانی بە کۆمەڵی ئەو چالاکانە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ئارا دایە و



ئەوەش نیگەرانیی و دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ بنەماڵەکانیان، رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و سەرجەم خەڵکی کوردستان دروست کردوە.

لەم بارەیەوە یەکیەتیی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد داوای لە هەموو ریکخراوەکانی مافی مروڤ، حیزبەکان و ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی ئیران کردوە کە بە یەکدەنگ بەرەنگاری ئەو پیلانەی ریژیم ببنەوە.

## بانگکرانی ١٣٠ خوێندکاری زانکۆی رازیی کرماشان بۆ کۆمیتەی ئینزباتیی زانکۆ

لە ماوەی رۆژانی رابردوو دا ١٣٠ خوێندکاری زانکۆی کرماشان بۆ کۆمیتەی ئینزباتیی زانکۆ بانگ کراون و بۆ نزیکەی ٨٠ کەسیان سزا دیاری کراوە.

بە پێی راپۆرتی رۆژنامەی "ئیعتماد" لەم دواییانە دا ١٣٠ خوێندکاری زانکۆی رازی بانگهێشتی کۆمیتەی ئینزباتیی زانکۆ کراون و بۆ نزیکەی ٨٠ کەسیان سزا دیاری کراوە.

یەکێك لەو خوێندکارانە ئاشکرای کردوە کە زۆربەی خوێندکارەکان لە گەڵ سزاگەلێکی وەکوو سزای نەغدی، هەڵپەساردن یان بێبەش کران لە خوێندن بەرەوڕووبوونەتەوە.

ئەو خوێندکارە بۆ خۆی ٥٠٠ هەزار تمەن جەریمەی نەغدی و دوو تێرم هەڵپەساردن لە خوێندنی بە سەردا سەپاوە.

## کارناسێکی دامەزراوەی ئەتۆمیی قوم داوای پەنابەریی لە عەرەبستان کردوە

بە پێی هەواڵێکی رۆژنامەی شەرقولئەوسەت شەهرام ئەمیری کە کارناسێکی دامەزراوەی ئەتۆمیی قومە، داوای پەنابەری لە عەرەبستانی سعوودی کردوە. بە پێی ئەم هەواڵە ناوبراو ماوەیەك لەمەوبەر بە ناوی سەفەری حەجەوە سەردانی عەرەبستانی کردوە و دواتر لەو وڵاتەدا داوای پەنابەریتی کردوە.

پاش بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند کە بەڵگەیان بەدەستەوەیە کە شەهرام ئەمیری لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە رفێندراوە، بەڵام رۆژێك دوای ئەم لێدوانەی وەزیری دەرەوەی ئێران، حەسەن قەشقاوی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە رایگەیاند کە کارناسی ئەتۆمی نەبووە و ئەو قسەیەش تەنیا پروپاگەندەیە دژی کۆماری ئیسلامی.

شایانی باسە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت هەر لەم پێوەندییەدا لە زمانی مەنووچێهری موتەکییەوە. هەواڵی رفاندنی چوار کارناسی ئەتۆمی ئێرانی لەلایەن ئەمریکاوە بڵاو کردەوە.

# بەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیا

حیزبی کرێکاری بریتانیا (لیبر پارتی) کۆنفرانسی ساڵانەی لەرێکەوتی ٥ ی رەزبەر(٢٧ سێپتامبری ٢٠٠٩ ) دەست پێ کرد. بە پێی بەرنامەی کاری کۆنفرانس، هەموو ساڵێک ٢ رۆژ تەرخان دەکرێ بۆ باس لەسەر مەسەلە نێونەتەوەییەکان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو ساڵێک وەکوو یەکێک لە میوانانی کۆنفرانسی لیبر پارتی لە بەشی نێونەتەوەیی ئەو کۆنفرانسەدا بەشدار بووەو وئەمساڵێش لەسەر بانگهێشتی رەسمی ئەو حیزبە هەیئەتێک پێک هاتوو لە بەڕێزان کاک خالید عەزیزی، سکرتیری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا بەشداری ئەو کۆنفرانسە بوون.

سەر لەبەیانی رۆژی دووشەممە، ٦ ی رەزبەر( ٢٨ ی سپتامبر) لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی هوتێل هیلتۆنی شاری برایتۆن، خاتوو جۆ بلینگهام دوای خۆناساندنی وەکوو بەرپرسی یەکەمی نێونەتەوەیی لیبرپارتی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی دا بۆ میوانانی بەشدار،بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و پاشان خاتوو گلیتس دیلمۆرت سەرۆکی ئەندامانی بریتانیا لە پارلمانی ئوروپا، لە سەر کارە سەرەکییەکان و جێگەو پێگەی حیزبەکەیان قسەی کرد و دواتر خاتوو میلینی لە سەر ئامانجەکان و دەستووری کاری کۆنفرانس وتەیەکی پێشکەش کرد.

بەدوای ئەوە دا خاتوو گلیتس ویلمۆت داوای کرد کە میوانەکان هەر کام پێیان خۆشە لەسەر ولات یا حیزبەکانیان وتەیەک بەو بۆنەیەوە پیشکەش بکەن . یەکێک لەو بەڕێزانەی کە لەو بەشە دا قسەیان کرد، کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. نێوەرۆکی ئەسڵی وتەکانی کاک خالید عەزیزی ، ناساندنی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی بەو نوێنەرایەتیانە بوو .

بەشێکی دیکەی چالاکیی هەیئەتی حیزب ، دیدار و چاو پێکەوتن لەگەڵ چەندین لایەن و شەخسیەتی بەشدار لەو کۆنفرانسە دابوو، کە هێندێک لەوان بریتی بوون لە:

خاتوو مەگ مێن ئەندامی پارلمان و بەرپرسی کۆمیتەی دمکراسی پارلمان بەڕێز کوتلەی ئەرک سکرتێری حیزبی کۆماری خوازی تورک لە قبرس

• خاتوو جۆ بلینگ هام بەرپرسی نێونەتەوەیی حیزبی کارگەری بریتانیا

• خاتوو ڕەیچل مشاوری سیاسی دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانی خاتوو ماریا فرانس ئاندرێ موشاوری وەزیرلە سەفارەتی بلژیک•

بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست، هەیئەتی حیزب لە بارەی دوایین ئاڵوگۆرە پێوەندیدارەکان بە ئێران و کێشەی کورد لە گەل ئەو کەسایەتی و لایەنەنەدا ئاڵوگۆڕی بیرورای کرد.

بەرنامەکانی ڕۆژی سێشەممە، ٧ ی رەزبەر( ٢٩ی سپتامبر) بە وتەکانی بەڕێز گۆردن براون سەرۆک وەزیرانی بریتانیا دەستی پێ کرد کە ٣ تەوەرەی لە خۆگرتبوو.

بەشی سێهەم تەرخان کرابوو بۆ سیاسەیت نێو نەتەوەیی کە لەو بەشە دا باسێکیش سەبارەت بە ئێران کراوبوو و تێی دا



پێداگری لەسەر هەڵوێستی بریتانیا کرابۆوە کە ئێران یا دەبێ گوێڕایەڵی خواستەکانی کۆمەلی نێوەدەوڵەتی بێت یا دەبێ خۆی بۆ سزای زیاتر و تەریک کەوتنەوە ئامادە بکا.

سەعات ٥ی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سمینارێک بۆ باس کردن لەسەر مەسەلە تایبەتی یەکانی سیاسەت و ئاسایشی جیهانی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ بەڕێزان دەیڤید ملیباند وەزیری دەرەوەی بریتانیا ،بۆب ناسوێس وەزیری بەگری ، دۆگلاس ئەلێکساندێر وەزیری پەرەپێدانی نێونەتەوەیی و خاتوو کاف سپێنس بەرپرسی ئیجرایی لە حیزبی کاری بریتانیا گیرا، لەو سمینارە دا هەرکام لەو بەڕێزانە باس و بابەتی تایبەت بەو مەسەلانەیان پیشکەش کرد.

لەو بەشە دا کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب، لەسەر مەسەلەی ئێران و چەکی ناوەکی چەند بابەت و پرسیاری هێنا گۆڕێ کە لەلایەن بەڕێز دەیڤید میلیباند ولام درانەوە.

ئێوارەی ئەو رۆژە بەڕێز سکرتێری گشتی چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەخسیەتەکانی بەشدار لەو کۆنفرانسە دا کرد، لەوانە: بەرێز دەیڤید میلیباند وەزیری دەرەوەی بریتانیا، ئێهود باراک وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، گلیتس ویلمۆت سەرۆکی ئەندامانی بریتانیایی لە پارلمانی ئوروپا، کەتی دیلۆن کارگێری سیاسی یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی ئوروپا، جیمس زالت بومێل لە حیزبی کاری هولەند و دۆگلاس ئەلێکساندێر وەزیری پەرەپێدانی نێونەتەوەیی دەوڵەتی بریتانیا.

درێژەی لاپەڕی ١

## پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ لەرۆژهەلاتی کوردستان و ئەرکی ئێمە

سێهەم: میدیاکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە ئێران و جیهان بەم جۆرەی پێویستە بایەخ بەم کردەوەو رەفتارانە نادەن کە کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەلاتی کوردستان بە دژی خەلك ئەنجامیان دەدا! جێی خۆیەتی پرسیاریان لێ بکرێ ئایا مرۆڤ ئەگەر فارس نەبوو، لە تاران یا شارێکی گەورە نەژیا، ئەگەر لە خۆپیشاندان دا نەدرایە بەر دەستڕێژ، نابێ داکۆکی لێ بکرێ؟ ئەو کەسانەی رۆژانە لە کوردستان گیانیان لێ دەستێندرێ، چ جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی لە شەقامەکانی تاران دەدرێنە بەر دەستڕێژ یا لە زیندانەکانی "کهریزك" و "ئێوین" و هتددا لە ژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێن؟ بۆچی ئەو بایەخەی پێویستە بە کوژرانی مرۆڤی بێتاوانی کورد لە رۆهەلاتی کوردستانی نادەن؟!

چوارەم: هەر وەك کۆبوونەوەی ئەم دوایی‌یانەیی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان رایسپاردوە، پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ لە رۆژهەلاتی کوردستان پێویستە ببێتە یەکێك لەو بوارانەی کە حیزبی ئێمە و سەرجەم حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، سەرنج و بایەخی تایبەتیان پێ دەدەن. لەلایەکەوە زۆرترین زانیاری و دوکیۆمێنت لەم پێوەندییەدا کۆبکەنەوەو لەلایەکی دیکەوە، لەمیدیاکان، لە پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماتیکی خۆیان و لە تێکۆشانی خۆیان لە ئاستی نێو دەوڵەتی دا، وەك بەڵگە بۆ لە قاودانی نێوەرۆکی دژی ئینسانیی ئەو رێژیمە و داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بە کاریان بێنن.

## بریتانیا:

# سمینارێك بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هوودێرسفلید

ڕۆژی شەممە ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ی زایینی لە شاری هوودێرسفیلد، بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرتی کوردستان، لە دیدارێکی گشتی دا لەگەڵ ئەندامان، لایەنگران، دۆستانی حیزب و کوردانی دانیشتووی شارەکانی باکووری بریتانیا باسێکی لەسەر وەزعییەت و جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەلو مەرجی سیاسیی کوردستان بە گشتی و ڕۆلی حیزبی دێموکرات لەو ململانێ سیاسییانە دا پێشکەش کرد.

سکرتێری گشتیی حیزب بە ئاوڕدانەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی سەرۆک کۆماریی لە ئێران، باسی لە چۆنیەتی بەشداریی خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کرد و وتی: هەڵوێستی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بەجێ و یەکگرتوو و هەماهەنگ لەگەڵ ویست و داواکانی ئێستای خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بوو مەبەست ئەوە بوو. چۆن لە هەلو مەرجی جۆراوجۆر و ئەو دەرفەتانەی دێنە پێش کەڵکی پێویست وەربگیرێ. ئێمە وەکوو حیزبی سیاسی دەبێ خوێندنەوەی ورد بۆ ڕوداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی ولاتی خۆمان و دەور و بەرمان بکەین و لەگەڵ بازییەکان، دروشمەکان و هەنگاوەکان بڕۆینە پێش و بتوانین

میللەتێک دا لە گۆڕێ دان. بۆ وێنە خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئێران لە سەردەمێک دا وەسیلەیەک بوو کە میللەتی کورد لەکوردستانی




ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی دیفاع لە خۆی بکا. هەروەها زۆر جار خەباتی چەکداری میللەتێکی لە چەوسانەوە رزگار کردوە و تەنانەت سەربەخۆییشی لێ کەوتۆتەوە. لە ڕوانگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خەبات مێتۆد و شێوەی کارە نەک ستراتیژی. ئەگەر وایە بەردەوام دەکرێ لە ئالو گۆڕ دابێ. بۆیە حیزبی ئێمە کەم زەرەرترین مێتۆد لە پێنای و بەرژەوەندیەکانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بە باشترین

تەئسیرمان هەبێ. ئەگەر وا نەکەین ناتوانین ئەو تەئسیرە پیوێستەمان هەبێ.

کاک خالید عەزیزی باسێکی لە شێوەکانی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی کرد و لەم بارەیەوە وتی: هەموو شێوەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادیی میللەتێک لە جێی خۆیان دا دروست و بەجێن، هەر کام لەو شێوانە دەبێ بخرێنە خانەی گونجان و نەگونجان و هەلومەرج و ئەو قۆناغانەی کە لە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی

شێوە دەزانێ.

سکرتێری گشتی حیزب لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا ئیشارەی بە بەشداریی خەڵکی کوردستان لە نائارامییەکانی ئەم دوایی یانەی ئێران دا کردو گوتی: خەڵکی ئێمە بە درێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دەیفاعی لە خۆی کردوە و لەو ماوەیە دا بە هەزاران شەهید و زیندانی و شکەنجە و ئازارو ئەزیەتی دیوە. ئەگەر قەرارە تەسویە حیسابێک لەگەڵ ڕێژیم بکرێ، نابێ تەنیا لەسەر حیسابی کورد بکرێ. کورد ناتوانێ بەتەنیا ڕێژیم بە چۆک دابێنێ و تەسویە حیسابی لەگەڵ بکا.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی دا باسی لە پێویستیی یەکگرتوویی لایەنە سیاسیەکان کردو گوتی: ئەگەر لەو سناریۆ یانە دا هاودەنگ لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بچینە پێش تەئسیرمان زیاتر دەبێ. ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە لەو ماوەیە دا کە بتوانین لە دەوری یەک کۆبینەوە و بە فکری جیاوازەوە دەنگێکی یەکگرتوومان هەبێ بۆ مەسەلە گشتیەکانی تایبەت بە مەسەلەی نەتەوەکەمان . ئێمە لەهەنگاوەکانمان دا لەو بارەوە تا ڕادەیەک چوینە پێش کە خاڵێکی بە هێزە ، بەلام نەگەیشتوینە قۆناغێکی دڵخواز.

سەبارەت بە هەنگاوەکانی حیزب بۆ پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە کاک خالید وتی: ئێمە لە پێوەندەی بەردەوام و فەعال داین لەگەڵ دنیای دەرەوە ، بەتایبەت، ئەمریکا بریتانیا یەکیەتیی ئوروپا، ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست و ئەو جێگایانەی کە پێمان وایە تەئسێرێکیان بۆ بەرەو پێشبردنی هەنگاوەکانی ئێمە هەیە. ئێمە پێمان ڕاگەیاندوون کە کورد لەسەر ئێران بێ تەفاوەت نیە. لەهەر ئاڵوگۆڕێکدا کە پێوەندیی بە داهاتووی ئێرانەوە هەیە دەبێ کورد وەکوو فاکتۆرێک لە کێشەکان دا سەیر بکرێ و بە بێ ئێمە هیچ چارەسەرێکی جیدی ناکرێ. بە گشتی دنیای دەرووەوە تێگەشتنیان لە هەڵوێست و بۆچوونی ئێمە بۆ حەللی کێشەکان لە ئێران دا هەیە . لە هەمان کات دا ئاماژەی بەو ڕاستیەش کرد کە دیپلۆماسیی کوردی ئێران زەمانێک دەتوانێ شوێنی کاریگەر دابنێ ئەگەر کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە نێو خۆی ولات دەنگ و ڕەنگێکی بەرچاویان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا هەبێ. ئێمە وەکوو کورد دەبێ لەو مەیدانە دا بە هۆوییەتی خۆمانەوە بچینە ناو ئەو گەمەیە . مەبەست ئەوەیە وێڕای ڕاگرتنی هاوکاری و هەماهەنگی و لێک تێگەیشتن لەگەڵ جووڵانەوەی ئێستای تاران و شوێنەکانی دیکە ، ئێمە زەمینەی مناسب و گونجاو دروست بکەین بۆ هاتنە گۆڕی ویست و داواکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران.

لەپێوەندی لەگەڵ کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ دنیای دەرەوە دا کاک خالید وتی: سروشت و ویست و داخوازی دنیای دەرەوە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ جمهووری ئیسلامی بە جۆرێکە کە ئیمکانی سازش و تەوافوق بە دوور نابینرێ . بۆیە تەواو بوونی کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ دنیای دەرەوە دەتوانێ هاندەرێک بی بۆ هاتنە گۆڕی زیاتری مەسائیلی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە دژی ئەو ڕێژیمە. هۆیەکەشی ئەوەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کێشەی ئەتۆمی وەک کارتێکی مەزنیخوازی لە و ناوچەیە کەلک وەردەگرێ و گەمەی پێدەکاو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەخۆیەوە مەشغوڵ دەکا و سەرنجیان لە مەسائیلی ناوخۆی ئێران بە لارێ دا دەبا.

بەشیکۆتایی وتەکانی سکرتێری گشتی تەرخان کرابوو بۆ باسی وەزعییەتی سیاسیی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لەم بارەیەوە ئیشارەی بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دوایانەی تورکیە کردو جارێکی دیکە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد لەو ولاتە دووپات کردەوە، هەروەها هیوای خواست کە ئەو ڕەوتەی ئێستای تورکیە نهادینە بکرێ و سەرەنجام سووریەش بگرێتەوە و وەکوو عێراق قانوونی بکرێ و وردەوردە ئەو شێوە تێگەیشتنە لە مەسەلەی کورد لە کۆمەلگای ئێرانیش جێ بکەوێ و هەم کۆمەلانی خەڵکی ئێران و هەم دەسەلات خۆیان مولزەم و موتەعەهید بە چارەسەری مەسەلەی کورد بزانن.

# کوردو بزووتنەوەی سەوز

حسێن ئەحمەدپوور

**کورتەیەك لە سەر بزووتنەوەی سەوز**

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران دا بەردەوامن. هەموو دەرفەت و بۆنە جۆراوجۆرەکان بوونەتە مەیدانی بەربەرەکانێی خەڵك لەگەڵ دەوڵەتی کودەتا. داخوازییەکان و دروشمەکان لە چاو ٣ مانگ لەمەوبەر تا رادەیەك گۆڕانیان بە سەردا هاتووەو هەست بەوە دەکرێ کە بەرەو رادیکاڵ تر بوون هەنگاو دەنێ. لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا هێندێك لە دروشمەکانی رۆژەکانی یەکەمی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی جۆزەردان هەر دەوترێنەوە کە ئاماژە بە رۆڵ و پێگەی مووسەوی و ناڕەزایەتیی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام بە گشتی کەش و هەوای زاڵ بە سەر ناڕەزایەتییەکان دا گۆڕانی بە سەردا هاتووەو ئاستی ناڕەزایەتییەکان بەرەو شکاندنی تابۆکان و وروژاندنی هێندێك بابەتی هەستیار هەڵکشاوە. بە واتایەکی دیکە هەست بەوە دەکرێ کە ناڕەزایەتییەکان خەریکە پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێوەو بزووتنەوەی سەوز بەو جۆرەی کە مووسەوی و کەڕووبی و ریفۆرمخوازەکان دەیانویست لە چوارچێوەی نیزام دا بمێنێتەوە، ناچێتە پێش. لە کاتێك دا کە مووسەوی لە سەر وەفاداریی خۆی بە پرەنسیپەکانی نیزام پێداگری دەکات، بزووتنەوەی سەوز لەوە دەرباز بووەو ئاراستەی ناڕەزایەتییەکان بەرە بەرە بەرەو دژایەتی کردنی ویلایەتی فەقیه و گشتییەتی نیزام وەر دەسووڕێ و بۆ وێنە چەمکی "جمهوری ایرانی" بە جێگەی "جمهوری اسلامی" هاتۆتە ئاراوە. بە گشتی بزووتنەوەی سەوز پێی ناوەتە قۆناخێکەوە کە تەنیا دوو رێگە لە بەردەم مووسەوی و کەڕووبی و ریفۆرمخوازانی حکوومەتی دا ماوە کە یان دەبێ لەگەڵ لایەنی پاوانخواز سازش بکا (کە لەم دوایانەدا هێندێك هەوڵ دەبینرێ کە بەم ئاراستەیەدا کار دەکا)و یان دەبێ پێ بە پێی بزووتنەوەی سەوز بچنە پێش و داخوازییەکانیان رادیکاڵ تر بکەن. لەم پێوەندییەدا قسەکانی حەوتووی رابردووی محەممەد رەزا خاتەمی سکرتێری پێشووی بەرەی موشارەکەت ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئەم باسە بەگەرمی لە نێو ریفۆرمخوازان دا لە ئارادایە کە دەبێ خۆیان ساخ بکەنەوە کە ئایا لەگەڵ بزووتنەوەی خەڵك دا دەکەون یان رێگەیەك هەڵبژێرن کە بە ناوی وەفاداری بە پرەنسیپەکانی نیزام هەم لە لایەن خەڵکەوە هەم لە لایەن دەسەڵاتەوە بە تەواوی لە پەراوێز بکەون.

سکرتێری پێشووی بەرەی موشارەکەت کە لە رووما ناسراوەکانی ریفۆرمخوازەکانە رایگەیاند کە هیچ رێگەیەك لە بەردەم رێبەرانی ریفۆرمخوازدا نەماو، تەنانەت ئەگەر بێتو خاتەمی و مووسەوی داوا لە خەڵك بکەن کە دروشمی رادیکاڵ نەدەن و چوارچێوەی ناڕەزایەتییەکانیان سنووردار بکەنەوە، ئەوا خەڵك رێگەی خۆیان دەگرنە بەرو ئەوان لە مەیدانەکە وەدەر دنێن. شتێکی دیکە کە جێگەی خۆیەتی لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێ بکرێ کاری رێکخستن و رێبەری کردنی ئەو بزووتنەوەیەیە.

ئەوانەی کە لە نیگای یەکەم دا وەك رێبەرانی بزووتنەوە دەردەکەون دوو پاڵێوراوی ناڕازیی ریفۆرمخوازەکانن. ئەم لایەنە لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێ لە رێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی سەوزدا بە شێوەیەکی بەهێز دەرکەوتوون و لە ٣ مانگی رابردوودا رۆڵی سەرەکییان بینیوە. بەڵام ئەم لایەنە پاش رادیکاڵ بوونی رۆژ بە رۆژ زیاتری بزووتنەوە وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا ئەگەری ئەوە هەیە بە جۆرێك پاشەکشە بکەن و هەوڵ بۆ هێور کردنەوەو کونترۆڵ کردنی بزووتنەوەکە بدەن یان ئەو ئەگەرەش سەبارەت بەو لایەنە هەیە کە دوو کەرت بن و بە تایبەت ئەو لایەنەی کە لە هەڵبژاردنەکان دا زیاتر لە دەوری کەڕووبی دا کۆبوونەوە، بەرە بەرە لە نیزام دابڕێن بە تەواوی لەگەڵ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی خەڵکی ئێران بکەون.

بەشێکی دیکەی کاری رێکخستن و رێبەری کردنی بزووتنەوەی سەوز هەر لە ماوەی رابردوودا لە دەرەوەی لایەنی ریفۆرمخوازانی نێو حکوومەتەوە بووە، وەکوو رێکخراوە خوێندکاری و ژنان و کرێکارییەکان و هێندێك لە کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکان و تەنانەت هێندێك کەسایەتی و لایەن لە دەرەوەی وڵاتیش رۆڵیان لە رێبەری کردنی بزووتنەوەی سەوزدا هەبووە. ئەم لایەنە رۆژ بە رۆژ رۆڵیان لە بزووتنەوەی سەوزدا زیاتر دەبێ و رادیکاڵ بوونی زیاتری بزووتنەوە بەرهەمی کارو چالاکیی ئەم لایەنەیەو هەروەها بیچم گرتنی بزووتنەوەی سەوز لە دوای هەڵبژاردنەکان دا هەر خۆی لە راستیدا بەرهەمی خەباتی چەند ساڵەی ئەم لایەنەن کە بە هۆی رەنگدانەوەی بەشێکی سەرەتایی لە داخوازییەکانیان لە بەرنامەی دوو پاڵێوراوی ریفۆرمخوازدا بەشدارییان لە هەڵبژاردن دا کرد و ئاراستەی رکابەرایەتییەکانی نێو دەسەڵاتیان گۆڕی.

ئێستا کە بەرچاو روونییەکمان لە بزووتنەوەی سەوز هەیە دەتوانین بپرژێینە سەر مەبەستی سەرەکی لە نووسینی ئەم بابەتە کە بریتییە لە چۆنییەتی مامڵەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا.

**هۆیەکانی لاوازی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان دا**

١- وەك لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا تا ئێستاش باڵی ریفۆرمخواز بە گشتی و دوو پاڵێوراوی ناڕازی لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەتایبەتی رۆڵی سەرەکیان لە رێبەری کردنی بزووتنەوەی سەوزدا هەیە. دوو پاڵێوراوەکەی باڵی ریفۆرمخواز لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دا بۆ یەکەم جار بە دەرکردنی راگەیەنراو دانیان بە زەوت کرانی مافە سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی گەلانی غەیرە فارسی ئێران دا ناو دابین کردنی بەشێك لەو مافانەیان خستە بەرنامەی تەبلیغاتیی خۆیانەوە کە ئەم هەنگاوەش تا رادەیەکی بەرچاو لە کوردستان پێشوازی لێ کرا. بەڵام لە دوای هەڵبژاردن لە هەڵوێست و لێدوانی رێبەرانی باڵی ریفۆرمخواز و بە تایبەت لە راگەیەنراوە یەك لە دوای یەکەکانی مووسەوی و کەڕووبی دا بابەتی مافی نەتەوەو کەمە نەتەوەکان هیچ رەنگدانەوەیەکی نەبوو.

بە سەرنج دان بە بۆچوونی هێندێك لە شارەزایانی سیاسی کە بزووتنەوەی سەوز بە بزووتنەوەیەکی داخوازی تەوەر (مطالبە محور) پێناسە دەکەن و هەروەها بە سەرنجدان بەو راستییەی کە تەنیا کاتێك بزووتنەوەی سەراسەری دەتوانێ پشتیوانیی گەلانی زۆرلێکراوو لە ناو ئەوان دا بە تایبەت گەلی کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکا کە داخوازییە سەرەکییەکانی گەلانی ئێران لە ناو داخوازییەکانی بزووتنەوەدا رەنگ بداتەوەو رێبەرانی ئەم بزووتنەوەیەش جگە لە بە رەسمی ناسینی ئەو مافانە، لەو بوارەش دا چالاك بن و نابێ داخوازی گەلانی زۆرلێکراو وەك داخوازییەکی دێموکراتیك و رەوا هیچ کاتێك فەرامۆش بکەن. ئەگەر بهاتبا لە ماوەی ٣ مانگی رابردوویان دا رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز چەند جارێك پێداگرییان لە سەر زەرورەتی دابین بوونی مافی گەلانی ژێردەستەو نێوەرۆکی راگەیەنراوەکانی بەر لە هەڵبژاردنەکان دا بکردبایەوە، یان بۆ نموونە وەکوو شوێنەکانی دیکەی ئێران ئاوڕێکیان لە سەرکوتی لە رادەبەدەری خەڵکی کوردستان هەر لەو ماوەیەدا بدابایەتەوەو کوژران و بریندار بوونی نزیك بە ١٠٠ مرۆڤی کورد لە ٣ مانگی رابردوودا مەحکووم بکردبایە کە بەشی هەرە زۆریان بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان رێگەی پڕمەترسیی کاسبیی سەر سنوورەکانیان گرتۆتە بەر، ئەوا ئەو کات ئاستی بەشداریی گەلی کورد لە بزووتنەوەی سەوزدا بەرز دەبۆوە.

٢- یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی لاوازیی بزووتنەوەی سەوز لە کوردستان دا بۆ روانگەو سیاسەتی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستان دەگەڕێتەوە. حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد هەر بەر لە هەڵبژاردنەوە بە سەر دوو بۆچوونی جیاوازدا دابەش بوون. زۆربەی ئەم حیزبانە هەمان خوێندنەوەی پێشویان لە سەر هەڵبژاردنەکان هەبوو، هەر بۆیە رێگەی پێشوو واتە تەحریمیان هەڵبژارد. بەڵام لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کورددا دوو حیزب خوێندنەوەی جیاوازییان بۆ مەسەلەکە هەبوو. لەم نێوەدا بە تایبەتی هەڵوێست و رۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو حیزبێکی خاوەن پێگەی جەماوەری جێگەی سەرنج بوو کە بە تەحریم نەکردنی هەڵبژاردنەکان و پێشوازی لە بارودۆخی تازە رۆڵی بەرچاوی لە بەشداریی خەڵکی کورد بە پێچەوانەی رابردوو لە هەڵبژاردنەکان دا هەبوو. لە دوای هەڵبژاردنەکان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران حیزبەکانی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوتن. بەشێك لەو حیزبانە لە سەرەتاوە چ لە ئاستی میدیایی و چ لە ئاستی رێکخستنەکانی ناوەوەی وڵاتیان بە شێوەی جۆراوجۆر، یان بە شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کەوتنە پڕۆپاگەندە دژی ئەم بزووتنەوەیە. ئەو بەشە لە حیزبەکانی کوردستان بەو پاساوەی کە ئەو بزووتنەوەیە بزووتنەوەیەکی رەسەن نیە، بەڵکوو شەڕی دەسەڵاتی نێوان باڵ و مۆرەکانی نێوخۆی رێژیمە، هێرشیان دەکردە سەر بزووتنەوەکەو داوایان لە خەڵکی کورد دەکرد کە لەو شەڕە ناپیرۆزەدا نەبنە لایەن و با خوێنی کورد بە خۆڕایی نەڕژێ. لە راستی دا ئەم روانگەیە لە سەر رای گشتی خەڵکی کوردستان نە تەنیا بێ کاریگەری نەبوو بەڵکوو دەتوانین بڵێین کاریگەریی ئەم جۆرە پڕوپاگەندەیە تا ئێستاش تا رادیەکی بەرچاو بە سەر خەڵکی کوردستانەوە ماوە. پێویستە بگوترێ پاش درێژە کێشانی ناڕەزایەتییەکان تا رادەیەك هەست بە گۆڕانی هەڵوێستی ئەم لایەنە لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئاست بزووتنەوەی سەوزدا دەکرێ.

بەشەکەی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد هەر وەك بەر لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی خۆیان روون کردەوەو پشتیوانییان لە راپەڕینی خەڵکی ئێران دژ بە ئاکامەکانی هەڵبژاردن کرد کە دیسانەکە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەنەکانی دیکە واقعبینانەتر بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەڵوێست دا تا ئەو جێگەیە چووە پێشەوە کە هەر لە یەکەم راگەیەنراوی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری دا کە هێشتا چەند رۆژ بە سەر دەسپێکردنی ناڕەزایەتییەکان تێ نەپەڕیبوو، وێڕای پشتیوانی کردن لە سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران، ئەم سەرهەڵدانەی بە خاڵێکی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی سەراسەریی خەڵکی ئێران لە قەڵەم داو میدیاکانی سەر بەم حیزبەش بە پێی توانای میدیایی خۆیان گرینگیان پێ دا. بەڵام بەو حاڵەش کێشەی سەرەکی لە هەڵوێستی حیزبە کوردستانییەکان لە ئاست بزووتنەوەی سەوزدا هەتا ئێستاش لە جێگەی خۆیدا ماوەتەوە ئەویش بریتییە لەوەکە تا ئێستاش ساغ نەبوونەتەوە کە لە ئاستی جەماوەری لە نێوخۆی وڵات دا بەشدرای بکەن یان نا؟ ئەگەر بەشداری بکەن بە چ شێوەیەك بەشداری بکەن؟

ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەو ماوەیەدا بە چەندین جار جەختی لە سەر کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کردۆتەوە، بەڵام بە گشتی زۆربەی حیزبەکان لە سەر بەشداری کردن یان نەکردن لە سەر ئاستی جەماوەری لە نێوخۆی وڵاتدا ساغ نەبوونەتەوە، یا خود هیچ بەرنامەو پلانێکی تایبەتیان بۆ ئەم مەبەستە نیە. چونکە ئەگەر هەر بەرنامەیەك بۆ ئەم مەبەستە هەبووبایە دەبوو تا ئێستا بۆ خەڵك روون ببایەتەوە. جگە لە نەبوونی بەرنامەو پلانی تایبەت تەنانەت تا ئێستا لە ماوەی زیاتر لە ٣ مانگی رابردوودا زۆربەی حیزبەکانی خاوەن پێگەی جەماوەری تەنانەت بۆ یەك جار داوایان لە خەڵکی کوردستان نەکردوە کە لە فلان بۆنەدا هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران لە حەرەکەتێکی تایبەتدا بەشدار بن.

**٣. چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێوخۆی وڵات:** ئەم توێژە لە خەڵکی کوردستان کە ئەوانیش کاریگەریی بەرچاویان لەسەر کومەڵگەی کوردستاندا هەیە، ئەوانیش بە پێچەوانەی بەر لە هەڵبژاردنەکانەوە خۆیان گۆشەگیر کردووەو جموجۆڵێکی ئەوتۆیان لێ بەدی ناکرێ. ئەم توێژە کە بەر لە هەڵبژاردنەکان زۆر چالاکانە لە مەیداندا بوون و دەتوانین بڵێین کە هەڵوێستی ئەوان کاریگەری لەسەر هەڵوێستی هەندێك لە حیزبەکانیش هەبوو و یان لانی کەم پشتیوانێکی بەهێزبوون بۆ ئەو حیزبانەی کە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەبێ هەڵوێستی جیاواز لە رابردوویان هەبێ، لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە زیاتر لە بێدەنگیدا بەسەر دەبەن. پێدەچێ هۆکاری سەرەکیی ئەم بێدەنگییەو ناچالاکییە بۆ ئاستی سەرکوتی چەند قاتی رێژیم لە کوردستاندا بگەڕێتەوە کە هەر ئێستا دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنی کورد لە زیندانەکانی رێژیم حوکمی قورسیان بەسەردا سەپاوەو تەنانەت بە پێی دوایین هەواڵەکان ١٢ چالاکی سیاسی و مەدەنی کورد لە چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامدا بەسەردەبەن، بەڵام هیچ کام لە رێبەرانی بزووتنەوەی سەوز تا ئێستا ئاوڕێکیان لە بارودۆخی ئەو بەندییە کوردانە نەداوەتەوە.

٤. وەك لە خاڵی دووهەمدا باس کرا شێوە تێفکرینێك لە کوردستاندا زاڵە کە دەڵێ:" ئەوە شەڕی ئێمە نیە، شەڕی خۆیان لەگەڵ خویانە." ئەم شێوە روانینە جگە لەوەیکە لە لایەن هەندێك حیزب و لایەنەوە پەرەی پێ دەدرێ، گرینگتر لەمە ئەوەیە کە باکگراوندێکی فیکری لەم چەشنە لە مێژە لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیە. بە چەشنێك ئەگەر بێتو حیزبە کوردییەکان و هەموو لایەنەکانیش - داوایان لە خەڵکی کوردستان کردبایە کە تێکەڵ بەو حەرەکەتە بن، رەنگە خەڵکی کورد وەڵامێکی پێویستیان بەو داخوازییە نەدابایەوە. دەکرێ هۆکارەکانی شکڵ گرتن و بەهێزبوونی ئەو شێوە روانینە بە کورتی بەم شێوەیە باس بکەین.

ئەلف) یەکێك لە هۆکارەکان لە رووی مێژووییەوە بۆ سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەم شەڕە لە راستیدا بە پێچەوانەی روانگە رەسمییەکانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردو ئێران، لە روانگەی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر شەڕی نێوان دوو نەتەوە بوو. لەلایەك نەتەوەی کورد بوو کە بە تێکڕایی دژایەتیی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی دەکرد. خەڵکی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی تەنیا وەکوو دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ سەیر نەدەکرد، بەڵکوو وەکوو هێزێکی داگیرکەر و ماف زەوتکەر روانیویەتە ئەو دەسەڵاتە. شەڕەکەش لە روانگەی خەڵکی کوردەوە شەڕی رووبەڕوو بوونەوەی داگیرکەر بوو. لە بەرامبەر ئەمەش دا خەڵکێکی دیکە هەبوون بە فارسی و ئازەری و ... کە زۆرینەیان باوەڕمەند بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوون و روانگەی ئەوان بەرامبەر بە شەڕی کوردستان هەمان روانگەی کۆماری ئیسلامی بووو بەگشتی روانگەیەکی نیگەتیڤیان بەرامبەر بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان هەبوو.

درێژەی لە ل ٩



گونجاوترین هەڵوێست لەم قۆناخەدا بۆ گەلی کورد بەشداری کردنێکی چالاکانەیە لەو بزووتنەوەیەدا بەڵام بە رەنگ و بۆنی تایبەت بە خۆیەوە، نەك توانەوە لە نێو بزووتنەوەی سەوزدا

# لەسەر قسەکانی ئەحمەدینژاد لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

مەسعوود ڕەواندوست

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی سێبتامبری ئەمساڵ مەحموود ئەحمەدی نژاد بۆ پێنجەمین جار وەك سەرۆك کۆماری ئێران لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا قسەی کرد. بەڵام بەشداریی ئەمساڵی ئەحمەدینژاد لەم کۆڕەدا جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ساڵانی پێشوو هەبوو. ئەحمەدینژاد ئەمساڵ لە حاڵێکدا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەشدار بوو کە لە ئەنجامی کودیتای ٢٣ی جۆزەردان و سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکی ئێران و کوشتنی دەیان کەس و گرتن و ئەشکەنجەی سەدان کەس لە ناڕازییان لە شەقامەکانی ئێراندا، مەشروعییەتی خۆی و دەوڵەتەکەی و ڕێژیمەکەی لە جیهاندا هەتا ئاستێکی زۆر نزم دابەزیوە و لە ئاکامی بەربەرەکانیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران تووشی قەیرانێکی زۆر جیددیی نێوخۆیی بوونەوە. هەر بۆیە ئەمساڵ بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی هێندێك لە ڕاقەکاران کە بە سەرنجدان بە کەسایەتی و ڕابردووی ئەحمەدینژاد پێیان وابوو دیسان باس لە نەهێشتنی ئیسراییل و مەسەلەی هۆلۆکاست دەکا، هیچ باسێکی لەو دوو بابەتە نەکرد کە ساڵانی پێشوو تەوەری سەرەکیی قسەکانی بوون. واتە لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لە بەرەی نێوخۆییدا تووشی گرفتێکی جیددی هاتوە و مانەوەی دەوڵەتەکەی کەوتۆتە مەترسییەوە، ئەمساڵ لە بەرەی دەرەکیدا ناچار بوو کەمێك نەرمتر بدوێ بۆ ئەوەی وزەکەی بۆ شەڕ لە بەرەی نێوخۆیی تەرخان بکا و بە خەیاڵی خۆی لە مەیدانی دەرەوەدا کەمتر مانۆڕ بدا و تووشی شکست نەبێت. بەڵام ئەوەی دیتمان دیسان پێچەوانەی لێکدانەوەکانی ئەحمەدینژاد و ڕاوێژکارەکانی بوو، چونکە بە لێوردبوونەوە لە قسەکانی ئەحمەدینژاد لەو کۆڕەدا بۆ ئێمە و بۆ هەموو لایەك ڕوون دەبێتەوە کە ئەو قسانە نەك ڕای گشتیی جیهانی لەسەر کۆماری ئیسلامی بە گشتی و ئەحمەدینژاد و دەوڵەتەکەی بە تایبەتی نەگۆڕی، بەڵکوو قسەکانی ناوبراو سیمای ئەو ڕێژیمە و بەرپرسانی، زۆر زیاتر لە پێشوو بۆ جیهان ئاشکرا کرد.

ئەحمەدینژاد لە بەشێك لە قسەکانیدا باسی لە کۆمەڵێك بە وتەی خۆی تەنگژە کرد کە بەرەورووی بەشەرییەت بوونەتەوە و، پێغەمبەرئاسا ئەو گرفتانەی خستە بەرباس و کۆمەڵێك پەندو ئامۆژگاریی ئایینی و ئەخلاقیی دا بە دنیا، هەروابزانە زاتی موبارەکی بێگەردە و لە هەمووی ئەم هەڵەو پەڵانە بەری و بەدوورە!.

لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا باسی لە بوونی زیندانە نهێنییەکان و گرتن و دزینی تاکەکان و دادگایی و سزادانی نهێنی بێ وەبەرچاوگرتنی یاساو ڕێسا حوقووقییەکان کرد و گوێگرتن لە تەلەفۆنەکان و کردنەوەی نامەکانی خەڵك و بانگ کردنیان بۆ ناوەندە پۆلیسی و ئەمنییەتییەکانی بە شتێکی ڕۆژانەی جیهان ناوبرد و گلەیی لە گرتن و گوێنەدان بە وتە و بیروڕای زانایان کرد! وەك ئەوەی ئەو شتانە لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا هەر ڕوویان نەدابێ و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتنی ئەو هەموو خەڵکە لە دوای کودیتای خوێناویی ٢٣ی جۆزەردان و ڕیسوایی زیندانی کەهریزەك و دەیان زیندان و بازداشتگای نهێنی و ئاشکرای دیکە و ئەشکەنجە سەدەنێوەڕاستییەکان و تەنانەت جینایەت و دەستدرێژی کردنە سەر گیراوەکان لە کۆماری ئیسلامیدا هیچکات ڕوویاننەدابێ.

ناوبراو باسی لە پەرەسەندنی تیرۆر و تیرۆریزم کرد و بە شیاوی کۆمەڵگەی بەشەریی نەزانی و سیاسەتمەداران و نیزامییەکانی




دەسەڵاتە گەورەکانی بە پشتیوانی تیرۆریزم ناوبرد، بە بێ ئەوەی ئاوڕێکی بچووك لە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە بواری تیرۆریزمدا بداتەوە کە چۆن تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و دەزگای تیرۆری دەسەڵاتدارانی تاران گیانی لە سەدان خەباتکارو ئازادیخواز لە سەراسەری دنیا ئەستاند. ئەم قسانە لە کاتێکدا لە تریبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکرێن کە دەستی ڕێژیمی تاران وەك گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی لە پشت زۆر لە تیرۆر و تەقینەوە گەورەکانی جیهاندا دیار بووە و تیرۆری ڕێبەرانی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان و دەیان کادرو پێشمەرگەی دیکەی ئەم حیزبە و زۆر کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد و ئێرانی و هەروەها تەقینەوەکانی ئارژانتین و ئەلخۆبەری عەرەبستان و زۆر جێی دیکە بەهۆی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجامدراون.

هەروەها ئەحمەدینژاد باسی لە مەسەلەی هەژاری و ئاکامەکانی و سیاسەتی غەڵەتی ئابووریی دەسەڵاتە گەورەکان کردو دۆخی ئابووریی جیهانی دایە بەر ڕەخنە، لە حاڵێکدا کە لە ئاکامی سیاسەتە ئابوورییە هەڵەو چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت دەوڵەتی ئەحمەدینژاد زۆربەی خەڵکی ئێران کە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن کانگای گەورەی نەوت و سەرچاوە ژێرزەوییەکانە، لەگەڵ هەژاری و بێکاری و ڕۆژڕەشی بەرەوڕوون و ڕێژیم لە جیاتی بیر لە ژیان و بارودۆخی ئابووریی خەڵك بکاتەوە، سەرمایەکانیان بۆ بردنەپێشی سیاسەتە غەڵەت و دژیگەلییەکانی بەکاردێنێ و ئەوەی بۆی گرینگ نیە خەڵکی ئێرانە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لە پێوەندی لەگەڵ پەرەپێدانی چەکوچۆڵ و ڕکەبەرایەتی لە بەرهەمهێنانی مووشەك و چەکی قورس دوا و ئەو دیاردەیەی بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر خەڵکی جیهان ناوبرد. ئەو قسانە لە حاڵێکدان کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاترین ڕادەی مووشەکی دوورهاوێژو کورت هاوێژی بەرهەمهێناوە و تاقی کردۆتەوە و بەشێکی بەرچاوی سەرمایەکانی خەڵکی ئێرانی بۆ خۆ تەیارکردن بە چەکی نائاسایی و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی تەرخانکردوە.

ئەحمەدینژاد لە قسەکانیدا باسی لە پێشێلکرانی یاسا و مافە نێونەتەوەییەکان و وەبەرچاونەگرتنی بەرپرسایەتییەکان کرد و وڵاتانی دیکەی بە لە ژێرپێنانی یاسا و ڕێسا و بڕیارە نێونەتەوەییەکان تۆمەتبارکرد و لە پێوەندی لەگەڵ یاسای داماڵینی چەکە ناوکییەکاندا دەسەڵاتە گەورەکانی دایە بەر ڕەخنە. لە حاڵێکدا کە لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هیچ بایەخێکی بە بڕیارنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و داوا نێونەتەوەییەکان نەداوە و لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤ و هەروەها مەسەلەی ناوکیی ڕێژیمدا چەندین ڕاپۆرت و تەنانەت و بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوونە بەڵام ئێران نەك ملی بۆ هیچکامیان ڕانەکێشاوە، بەڵکوو هەموویانی بە سووك و بێ بایەخ لەقەڵەم داون.

لە هەمووی ئەو قسانە سەیرتر و ڕووهەڵماڵاوانەتر ئەوە بوو کە ئەحمەدینژاد سەبارەت بە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرۆك کۆماری گوتی ئەو هەڵبژاردنە ئازادترین و دێموکراتیکترین هەڵبژاردنی دنیا بوو و خەڵکی ئێران شانازی و بەرپرسایەتییەکی قورسیان خستۆتە سەرشانی ناوبراو! بەڵام ڕوونی نەکردەوە کە ئەگەر وابووە و هاتنە سەرکارەکەی لە ڕێگەی کودیتاوە نەبووە، بۆچی ئەو هەمووە خەڵکەیان لە بەرچاوی خەڵکی جیهان و وا بێ بەزەییانە دایە بەر گوللە و لاوانی ئێرانیان لە گرتووخانەکاندا و لەژێر ئەشکەنجە و تەنانەت دەستدرێژیدا کوشت ئەویش تەنیا بە تاوانی ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر دزینی دەنگەکانیاندا.

ئەو قسانە و زۆر قسەی دیکەی لەو بابەتە لە لایەن ئەحمەدینژادەوە ئەگەرچی چاوەڕوان نەکراو نەبوون بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو تایبەتمەندییەیان هەبوو کە سیمای بێشەرمایە و ڕووهەڵماڵاوانەی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامییان زۆر زیاتر لە پێشوو بۆ هەموو جیهان ئاشکراکرد. لە حاڵێکدا کە لە ئاکامی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا و هەروها لە ئاکامی سیاسەت و ڕەفتارە چەوت و نائینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا مەشرووعییەتی ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئاخوندی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچێتە ژێر پرسیار و ئەو وتە و ئیدیعا ڕووهەڵماڵاوانەی سەرۆك کۆماری کودیتاچیی ڕێژیمی ئێران نیشانەی ئەوپەڕی بێشەرمی و درۆزن بوونی بەرپرسانی ڕێژیمە کە بەو جۆرە قسە و هەڵسوکەوتانە سووکایەتی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەکەن و بە گەمژە و نائاگاهیان دەزانن و پێیان وایە خەڵکی جیهان ئاگای لە جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە بەرامبەر خەڵکی وڵاتی خۆیدا نیە. بەڵام خۆپێشاندانی بەرینی خەڵك لە شارە جۆراوجۆرەکانی جیهان و بە تایبەت لە شاری نیویۆرك و لە کاتی قسەکانی ئەحمەدینژاددا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران، دەنگی ئازادیخوازی و پەیامی ڕیسوایی ڕێژیمی بە گوێی ڕای گشتیی هەموو جیهان گەیاند. هەر بۆیە لەژێر گوشاری ڕای گشتی و بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی بەرامبەر سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی و سەرۆك کۆماری کودیتاچی لە ماوەی ٣٥ خولەك قسەکردنی ئەحمەدینژاددا نوێنەرانی زۆربەی وڵاتانی جیهان ساڵۆنی کۆبوونەوەکەیان جێهێشت و قسەکانی ئەحمەدینژادیان بە شیاوی ئەوە نەزانی گوێیان بۆبگرن بەجۆرێك کە لە ١٩٢ وڵاتی دنیا تەنیا نوێنەرانی ٤٣ وڵات گوێیان بۆ قسەکانی ئەحمەدینژاد ڕاگرت کە ئەوە خۆی نیشاندەری ڕادەی بێ ئیعتباریی ئەحمەدینژاد لە ئاستی جیهاندایە.

# بە یادی شەهید عەبدوڵڵای شەریفی

حەمەدەمین شەریفی



برای خۆشەویستم عەبدوڵڵا گیان! وا ئێستا پازدە ساڵ بە سەر کۆچی ناوەخت و شەهید بوونت دا تێدەپەڕێ. برا ئازیزەکەم! هێزی ئەژنۆو بڕبڕەی پشتم! قەت بۆ ساتێکیش لە یادم نەچوویەتەوە. عەبدوڵڵا گیان! کۆچی بێوەختت کۆستێکی زۆر گران و زامێکی زۆر بەژان بوو بۆ من و بنەماڵەکەت.

کاتێك مێژووی خوێناویی گەلی کورد دەخوێنمەوە زۆر کارەساتی دڵتەزێن و سامناکی تێدایە. زۆر نموونەی قارەمانەتی و لە خۆبووردوویی سەردارانی مەیدانی خەبات و تێکۆشان وەبەر چاو دەکەوێ کە دەبێ بە خەتی زێڕین لە سەریان بنووسرێ تا ڕۆڵەکانی نەسڵی دواڕۆژ ڕەچەیان بەر نەدەن و درێژەدەری ڕێگەیان بن.

عەبدوڵڵا گیان! هەموو شاخ و کێوو دەشت و دۆڵی ناوچەی مەهاباد و سەردەشتی سەرسەوز شاهید فیداکاری و لە خۆبووردوویی تۆ بوون. تۆ پشت و پەنای کۆمەڵانی زەحمەتکێش و چەوساوەکان بووی. ئاشق و ئەویینداری کوردستان و نەتەوەکەت بووی. خولیای ئازادیی گەل و وڵات بووی. ماندوویی نەناسانە لەگەڵ تێکۆشەرانی مەیدانی نەبەردو شەڕەف لەگەڵ پێشمەرگەکانی دێموکرات، قارەمانانی هێزی پێشەواو گیارەنگ خۆبەختکەرانە تێدەکۆشای و لە هەموو سەختی و تاڵییەك دا لە گەڵیان بووی.

ڕۆژو شەو بۆ تۆ فەرقی نەبوو. هەر کاتێك دەرفەتت بۆ دەرەخسا لە مزگەوت و چیاو دۆڵ کۆبوونەوەت بۆ خەڵك دەگرت، فێرت دەکردن چۆن هاوکارو پەنای شۆڕش و حیزبەکەیان بن. تۆ قەت لە مەرگ سڵت نەکرد بە لێواری پڕ سامی مەرگدا هات و چۆت دەکرد. ئەویندارو هاودەمی پێشمەرگەو خەڵك بووی، شۆرەسواری مەیدانی خەبات و تێکۆشانی گەلت بووی.

تیشووی ڕێگەت نانی ویشك و ڕەق بوو، سەرینی سەرت فیشەکدان و بەردی سەخت بوو شادی و خۆشیت ڕۆژی ڕزگاریی گەلت بوو.

عەبدوڵڵا گیان! کاتێك وەسیەت نامەکەت دەخوێنمەوەو دەزانم چەندە سادق و دڵپاك و ئاشقی خاکی نیشتمانەکەت بووی سەری کڕنۆش بۆ بیرو باوەرەکەت دادەنێنم. شانازی بە سەداقەت و پاکیت دەکەم. کاکە گیان! دڵنیابە ڕۆژێك دێ کە خۆری ئازادی لە ئاسۆی کوردستانی ئێمەشەوە هەڵدێ و ئامانجی تۆو هەزاران شەهیدی ئەو کوردستانە دێتە دی. ئێستاش خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئیمان بە ڕێبازی شەهیدانی کوردستان، پشت ئەستوور بە هێزی گەل سوورو شێلگیرانە وەستاون و درێژەدەری ڕێگەتانن.

برام! بزانە نەتەوەیەك کە خاوەنی هەزاران ڕۆڵەی وەك تۆ ئاگاو بە بڕواو گیان فیداو قارەمان بێ زوو یا درەنگ بە ئاوات دەگا. عەبدوڵڵا گیان! ئاخ خۆزگە شوێنی گلکۆکەتم دەزانی دەهاتم دەستم لە کێلی سەرینت وەردێنا بە ئاوی چاوەکانم خاکی پیرۆزی گلکۆکەتم ئاو پرژێن دەکردو لە نزیکەوە دڵنیام دەکردی کە حیزبەکەت و نەتەوەکەت لە سەر خەبات بۆ بە دیهێنانی ئاواتە پیرۆزەکانت ، شێلگیرن و شانازی بە تۆ و هەزاران ڕۆڵەی بە ئەمەگ و خۆبەختکەری وەك تۆوە دەکەن کە بە فیداکردنی گیانتان، بەردەوامیی جووڵانەوەی ڕزگارخوازانەی کوردستانتان دەستەبەر کرد.

برای شەهید عەبدوڵڵای شەریفی



# قەیرانێکی نوێ لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران

مستەفا مەعروفی

ڕۆژی ٢٥ی سێپتامبر کۆماری ئیسلامی ناوەندێکی ئەتۆمیی دیکەی لە نزیك شاری قوم ئاشکرا کرد. دیارە پێشتر هەبوونی ناوەندێکی لەم چەشنە لێرەولەوێ باسی لێ دەکراو ئاشکرا کرانی ئەو ناوەندە لەلایەن کۆماری ئیسلامی-یەوە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ -لانی کەم تا ئەو تاریخە - کە ئەو ناوەندەشی بە نهێنی دامەزراندوەو بەڕێوەی بردوە. لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینییش دا بەهۆی فشاری ئەمریکاو وڵاتانی ئورووپایی‌و کۆکردنەوەی زانیاری‌و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لەلایەن ئەو وڵاتانەوە، دوو ناوەندی ئەتۆمیی لە بووشێهرو نەتەنز ئاشکرا کرد کە ساڵانێکی زۆر بوو بە نهێنی کاری لەسەر دەکردن. لەو کاتەوە تا ئێستا قەیرانێکی نێونەتەوەیی بە ناوی قەیرانی ئەتۆمیی ئێران سەری هەڵداوە.

**دژکردوەی وڵاتان لەبەرامبەر قەیرانی ئەتۆمیی ئێران دا**

چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران، وڵاتانی ئورووپایی، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە ناوچە دا بەتایبەتی ئیسرائیلی زۆر نیگەران کردوە. لە حاڵێك دا هەر لە ماوەی ئەو ساڵانە دا دوو وڵاتی هیندو پاکستان دەستیان بە چەکی ئەتۆمی ڕاگەیشت‌و بوون بە هیزی ئەتۆمی لە جیهان دا، بەڵام بەفەد ئێران نەبوونە مایەی نیگەرانی. هەرچەند کێشەی سنووریی هیندو پاکستان ئەو نیگەرانی‌یەی لە ناوچەو جیهان دا پێك هێنابوو کە ئەگەر شەڕێك لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا روو بدا ڕەنگە ئەو چەکانە کەڵکیان لێ وەربگیرێ، بەڵام بەو حاڵەش ترس‌و نیگەرانیی وڵاتانی جیهان لە تەیاربوونی هیندو پاکستان بەو چەکە بە ڕادەی نیگەرانی لە چالاکییە ئەتۆمی-یەکانی کۆماری ئیسلامی نەبووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە گەورەترین پشتیوانیی تێرۆریزم‌و بە ڕێژیمێکی تێرۆریست لە جیهان دا ناسراوە. تەنیا ڕێژیمێکە کە تا ئێستا بەڕەسمی




لەلایەن دوو دادگای جیهانی واتە دادگای میکۆنووس‌و دادگای ئارژانتینەوە ڕێبەرانی بە تێرۆریست ناسراون‌و کردەوەی تێرۆریستی‌یان لەسەر ئیسبات بووە. هەروەها سەرکوتی بێبەزیی‌یانەی خەڵك‌و ئێعدامی زۆری خەڵکی ناڕازی، ئیعتیبارو مەشرووعیەتێکی لەلای بیروڕای گشتیی دنیا بۆ ئەم ڕێژیمە نەهێشتۆتەوە. هەربۆیە ڕێژیمێکی ئەوتۆ ئەگەر دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگا ئاشتی‌و ئاسایشی جیهان دەخاتە مەترسی‌یەوە کۆنترۆڵ کردنی زۆر دژوار دەبێ. لە حاڵێك دا وڵاتی هیند بە گەورەترین دێموکراسیی جیهان ناسراوەو پاکستان لانی کەم ئەوەندە لەبەر چاوی خەڵکی جیهان بێزراوو دزێو نیە.

تا ئێستا ئەمریکاو وڵاتانی ئورووپا هەوڵیان داوە لە ڕێگەی وتووێژو چاوەدێری بەسەر ناوەندە ئەتۆمی‌یەکانی ئێران داو تارادەکیش تەحریم بە تایبەتی لەلایەن ئەمریکاوە، پێش بە ڕەوتی خێرای چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بگرن. ڕووسیەو چین تا ڕادەیەك هەڵوێستیان لەگەڵ ڕۆژئاوا جیاواز بووە و یارمەتی‌یان بە ئێران کردوە. نهێنی کارییەکانی کۆماری ئیسلامی‌و یارمەتیی چین‌و ڕووسیە بەو ڕێژیمە تا ڕادەیەکیش هەوڵی پێشگیرانەی ڕۆژئاوای پووچەڵ کردۆتەوە. هەربۆیەش دوای نزیك بە ٧ ساڵ مشت‌ومڕ لەسەر چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە بوونی ناوەندێکی دیکەی ئەتۆمی ڕادەگەیەنێ. ئەم هەنگاوە تووڕەیی وڵاتانی ڕۆژئاوی بەدواوە بوو. تەنانەت ڕووسیەو چینیش ئەم جار بە چاوی شك‌و گومانەوە سەیری چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان کردو ئەم جار تارادەیکی زۆر لەگەڵ هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا هاودەنگ بوون. ئاکامی ئەو هەودەنگی‌یەی هێزە گەورەکان بوو بەهۆی ئەوە ئێران ناچار بەوە بکەن چی دیکە بە بیانووی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە مەبەستی پزیشکی‌و ئاشتیخوازانە دەست لە پیتاندنی ئۆرانیۆمی پێویست بۆ چەکی ئەتۆمی هەڵگری‌و پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ بواری پزیشکی لە وڵاتی سێیەم بکرێ.

**هۆیەکانی چالاکیی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی**

وڵاتێك خاوەنی وزەی ئەتۆمی بێ ئەگەر نەتوانێ لە بواری نیزامییش دا بەکاری بێنێ، دەتوانێ وەکوو وزە لە پاڵ سەرچاوەکانی دیکەی وزە بەکاری بێنێ‌و لە بەرەوپێش بردنی وڵات دا کەڵکی لێ وەربگرێ. ئێران کە لە بواری ئابووری دا لە هەلومەرجێکی خراپ دایە خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆری وزە وەکوو نەوت‌و گازو کانگا ژێرزەوی‌یەکانی دیکەیە. چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانیشی خەرجێکی یەکجار زۆر هەڵدەگرن. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا چالاکیی ئەتۆمیی گران‌و خەرج هەڵگر بۆ ئێران گونجاو نیە، دیارە مەستی دیکەی لەپشتە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی مەبەستی ئاشتیخوازانەی هەبێ، دوایین مەبەستە. چونکە: یەکەم، چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر بەنهێنی‌و لە ڕێگەی ڕایەڵکەیەکی ئاڵۆزو بەربڵاوی سات‌و سەودای نهێنی‌یەوە بەڕێوە دەچوون‌و ئەگەر مەبەستی ئاشتیخوازانەی لەپشت بووایە دەبووا بە ڕوونی‌و شەفافیەتەوەو بە گوێرەی پەسندکراوە نێونەتەوەیی-یەکانی پێوەندیدار بە وزەی ئەتۆمی لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درابان. دووەم، ڕادەی پیتاندنی ئۆرانیۆم زۆر لە ڕادەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە مەبەستی ئاشتیخوازانەو - وەك ڕێژیم دەڵێ - بواری پزیشکی زیاترە. سێیەم، لەم ساڵانەی دوایی دا کۆماری ئیسلامی بە خێرایی گەشەی بە بەرهەمهێنانی مووشەکی دوورهاوێژ داوە. هێندێك لەو مووشەکانە نزیکەی ٢٠٠٠ کیلۆمیتر دەبڕن. ئەو مەودایە نەك هەر ئیسرائیل کە بەردەوام هەڕەشەی لەناوبردنی لێ دەکرێ، بەڵکوو وڵاتانی ئورووپاییش دەگرێتەوە. مەترسیی جیددی بۆ ڕۆژئاوا ئەوەیە کە ئەو مووشەکانە بە بۆمبی ئەتۆمی تەیار بکرێن. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دا کە قەیرانی ئەتۆمیی ئێران سەری هەڵداوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پاش ئەوەی بەرنامەکانیشیان ئاشکرا بووە، قەت لەگەڵ چاوەدێرانی نێونەتەوەیی ڕاستگۆ نەبوون، ئەوەش هۆیەکە بۆ ئەوەی بزانین بەدوای مەبەستێکی دیکەی جگە لە مەبەستی ئاشتیخوازانە دا دەگەڕێن.

**مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی**

کۆماری ئیسلامی لە چالاکی‌یە ئەتۆمی‌یەکانی خۆی دا بە دوای دوو مەبەستی سەرەکی دا دەگەڕێ:

یەکەم، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی. ئەگەر کۆماری ئیسلامی دەستی بەچەکی ئەتۆمی ڕابگا جێگەو پێگەی ئەو ڕێژیمە لە ناوچە دا بەتایبەتی لە کێشەو ڕقەبەرایەتی‌یەکانی ناوچە دا بەهێز دەکاو دەوڵەتانی ناوچە حیسابی زیاتری بۆ دەکەن. کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە هەمیشە لەکێشە دایەو لە ئاستی نێونەتەوەیی دا ڕێژیمێکی مەقبوول نیە. لە نێوخۆش دا خۆپێشاندانەکان‌و ڕاپەڕینی بەرینی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری دەریان خستوە مەشرووعیەت‌و پێگەیەکی ئەوتۆی نیە. ئەگەر ئەو ڕێژیمە دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگا بێگومان ئەوەندە بەهێز نیە بتوانێ لەگەڵ ئەمریکا، ئورووپاو ئیسراییل بکەوێتە شەڕێکی ئەتۆمی‌و توانای ڕقەبەرایەتیی ئەتۆمیی لەگەڵ ئەوان دا نیە. کەوابوو ناتونێ لە دژی وڵاتانی دیکە بەکاری بێنێ. چەکی ئەتۆمی چەکێکیش نیە لە شەڕو کێشەی نێوخۆیی دا یان بۆ سەرکوتی خەڵك بەکار بێ. کەوابوو کۆماری ئیسلامی بۆ هەوڵ دەدا هەرچۆنێك بێ دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕبگا؟ بۆ ڕێژیمێك کە ڕوخسارێکی دزێوی لەلای بیری گشتیی جیهان هەیە، بە ڕێژیمێکی تیرۆریست ناسراوەو بەردەوام هەڕەشە لە وڵاتانی دەوروبەر دەکاو ڕێزو حورمەت بۆ ویست‌وداخوازی خەڵکی خۆی‌و مافەکانی مرۆڤ دانانێ، چەکی ئەتۆمی دەتوانێ دەستەبەرێکی باش بێ بۆ ئەو ڕێژیمە. لە هەلومەرجێك دا کە خەڵکی ئێران سوورن لەسەر خەبات بۆ وەدەستهێنانی ماف‌و ئازادی‌یەکانیان‌و کەوتوونەتە سەنگەری دژی کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامیی تەیار بە چەکی ئەتۆمی دەتوانێ نیگەرانی‌یەکی زۆر بۆ جیهان پێك بێنێ. چونکە چارەنووسی ڕێژیمێك کە دیار نەبێ چارەنووسی چەکە ئەتۆمی‌یەکانیشی دیار نابێ‌و ئەوە گەورەترین مەترسی‌یە. کۆماری ئیسلامییش مەبەستی سەرەکیی لە چالاکیی ئەتۆمی پێکهێنانی ئەو نیگەرانی‌یەیە.

دووەم، ئەگەر دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕانەگا، هەروەك لە چەند ساڵی ڕابردوو دا نیشانی داوە، دەتوانێ ئیمتیازی ئابووری‌و سیاسیی پێ وەربگرێ. ئەگەر ناوەندی ئەتۆمیی قوم دانەمەزرابووایە کۆماری ئیسلامی نەی دەتوانی وەك دانیشتنی ژنێڤ وڵاتانی ٥+١ بە تایبەتی ئەمریکا بکێشێتە وتووێژو کەڵکی سیاسی لەو مەسەلەیە وەربگرێ. جگە لەوەش لە نیهایەت دا دەتوانێ سەرچاوەیەکی دیکەی وزە دابین بکاو وڵاتانی جیهانیش بەهۆی نیگەرانی‌یەکانیان ئامادە دەبن یارمەتیی بکەن.

قەیرانی چەند ساڵەی ئەتۆمیی ئێران نیشان دەدا کە دنیای دەرەوە بەهۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی جێی باوەڕ نیە، ڕێگە نادەن دەستی بەچەکی ئەتۆمی ڕابگا. بەڵام لەو ماوەیەش دا کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی نەی توانیوە بە مەبەستی سەرەکیی خۆی کە بریتی‌یە لە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، بەڵام توانیویەتی هەم کەڵکی ئابووریی لێ وەربگرێ‌و هەم کەڵکی سیاسی، بە تایبەتی کەڵکی سیاسی لە نێوخۆدا. هەرکات قەیرانە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران هەڵکشان، کۆماری ئیسلامی ئاگری قەیرانەکە نێڵ دەدا بۆ ئەوەی قەیرانە نێوخۆیی‌یەکەی پێ بخاتە پەراوێزەوە. ئاشکرا کردنی ناوەندی ئەتۆمیی قوم ڕاست لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا بوو.

**کۆماری ئیسلامی لە چالاکییە ئەتۆمی-یەکانی خۆی دا بە دوای دوو مەبەستی سەرەکی دا دەگەڕێ: یەکەم، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی. دووەم، ئەگەر دەستی بە چەکی ڕانەگا دەتوانێ ئیمتیازی ئابووری‌و سیاسیی پێ وەربگرێ**

## ڕاپۆرتی دیدارەکانی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ستراسبورگ



دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پەراوێزی کارەکانی کۆبوونەوەی وەرزانەی ئەنجومەنی پارلمانیی شووڕای ئورووپا لەرۆژەکانی ١ و ٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩، بەمەبەستی تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە ئێران و مەسەلەی کورد لەگەڵ

ژمارەیەک لە بەرپرسانی پایەبەرزی شووڕای ئورووپا و چەند چالاکێکی مافی مرۆڤ لە ستراسبورگ کۆبۆوە کە بەرچاوترینی دیدارەکان بە شێوەی خوارەوە بوون :

- کاتژمێر ١١ ی پێشنیوەڕۆی ١ ی ئۆکتۆبر، ئاسۆی حەسەن زادە لەلایەن بەڕێز "تادۆز ئیوینسکی" وەزیری پێشوو لە حکوومەتی لەهستان و ڕاپۆرتێری تایبەتیی شووڕای ئورووپا بۆ پرۆگرامی ناوەکیی ئێرانەوە لە دەفتەری ناوبراو لە بنکەی سەرەکیی شووڕای ئورووپا لە ستراسبورگ پێشوازیی لێ کرا. لەو دانیشتنەدا کە سەعاتێکی خایاند، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب ڕوانگەکانی خۆی و حیزبی دێموکڕاتی لەپێوەندی لەگەڵ پرۆگرامی ناوەکیی ئێران خستە ڕوو. حەسەن زادە وێڕای وەبیر هێنانەوەی ناکام بوونی پرۆسەی شەش ساڵەی مشت و مڕی نێوان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پرۆگرامی ناوەکیی ئەم ڕێژیمە، تەنیا ڕێگای هاتنە دەر لە بونبەستی ناوەکیی ئێران هاتنەسەر کاری ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک و بەرپرسیار لەو وڵاتەدایە. مادامیش کە هێرشی دەرەکیی نیزامی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم نە ئێستا زۆر لە ڕۆژەڤدایە و نە قەتیش مەتڵووبترین بژار بووە، باشترین ڕێگە یارمەتیدانی بە کردەوە و ڕاستەوخۆی ئازادیخوازانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بۆ بە ئاکام گەیاندنی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمەیە.

پاشان بەڕێز "ئیوینسکی" بە وردی پێشینە و چوارچێوەی مەئموورییەتی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ پرۆگرامی ناوەکیی ئێراندا شی کردەوە و ڕوانگەکانی خۆی لەو بارەوە خستە ڕوو. بەڕێز "ئیوینسکی" ئینجا هاتە سەر باسی پرۆژەی ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە کە شووڕای ئورووپا لەژێر سەردێری "پێویستیی دژکردەوەی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر پرۆگرامی ناوەکیی ئێراندا" ئەرکی ئامادە کردنی بە ناوبراو سپاردوە. "تادۆز ئیوینسکی" وێڕای ئیشارە بەوە کە ئەو تا ئێستا بۆ ئەو مەبەستە چوار جار سەفەری ئێرانی کردوە و لە داهاتووشدا هەر لەو پێوەندی‌یەدا سەردانی ڕووسیە و ئیسرائیل و ئاژانسی نێونەتەوەیی ئینرژیی ئەتۆمی دەکا و دیسان دەگەڕێتەوە تاران، بە دووری زانی کە پێش مانگی ژانویەی ٢٠١٠ هەڵوێستی یەکجاریی کۆماری ئیسلامی ڕوون بێتەوە. بەڵام گوتی لەهەرحاڵدا نە شووڕای ئورووپا و نە باقیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئیدی حازر نابن قۆناغێکی دیکەی دوور و درێژ و پڕ لە ناڕوونی و دڵەخورپەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەست ئاوەڵاییی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو ڕێژیمە نوێ بکەنەوە. لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا هەردوولا سەبارەت بە پێکەوە بەستنەوەی دۆسیەی ناوەکی و دۆسیەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا و چۆنیەتیی تریبوون بەخشین بە ئازادیخوازانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ سەرجەمی ئەو مەسەلانەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. کاتژمێر ٥ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە و نیشتمان عەزیزی دانیشتنێکی درێژ و پڕ نێوەرۆکیان لەگەڵ بەڕێز "یۆران لیند بلاد" ئەندامی پارلمانی سوئێد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارلمانیی شووڕای ئورووپا و بەرپرسی کۆمیسیۆنی پرسە سیاسی‌یەکانی ئەو شووڕایە هەبوو. بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵسەنگاندنی خۆی لە کۆبوونەوەی بەیانی لەگەڵ ڕاپۆرتێری تایبەت بە بەرنامەی ناوەکیی ئێران بۆ بەڕێز "لیند بلاد" باس کرد. ناوبراویش زۆر ورد و ڕاشکاو ڕوانگەکانی خۆی لەو پێوەندی‌یەدا دەربڕی. گوتی لە حاڵەتی ئێستادا، گەمارۆی ئابووری بۆ سەر مەسرەفی سوختی ئێران کاریگەرترین کارتی فشاری کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دەبێ. لە وڵامدا ئاسۆی حەسەن زادە وێڕای ئیشارە بە ئەزموونی گەمارۆ بۆسەر ڕێژیمی سەدام حوسێن، بێباوەڕیی خۆی بە کاریگەر بوونی ئەو گوزینەیەش دەربڕی و ڕایگەیاند کە لەنێوان هێرشی نیزامی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە درێژەدانی وەزعییەتی مەوجوود تەنانەت بە سەپاندنی کۆمەڵێک سزای تازە کە ڕەنگە بۆ هێندێکیان

ل ٦

# بزاڤی نەتەوەیی کورد و میتۆدەکانی خەباتی رزگاریخوازانە

**بەشی دووەم و کۆتایی**

رامبود لوتف‌پووری

**کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك سیستمێکی جیهانی سێهەمی:**

وەك لە نێوەرۆك و رواڵەتی کۆماری ئیسلامی دا دەردەکەوێ، کۆماری ئیسلامی سیستمێکی ئایدۆلۆژیکی پاشڤەڕۆی تۆتالیتێرە کەلە لایەن گرووپێکی بەرتەسك یا ئۆلیگارشییەکی ئاخوندییەوە بەڕێوە دەچێ و وەك زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانی سێهەم نامۆ بە کولتووری دێموکراسی و بنەماکانی کۆمەڵگایەکی شارستانییە. واتە بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، رێوشوێنی دێموکراتیك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و بیروڕای جیاواز لە یاساو رێساکانیدا لە بەرچاو نەگیراوە و هیچ پێناسەیەکی روونی بۆ هەندێك چەمکی وەك دێموکراسی، رای جیاواز، مافی هاوڵاتیبوون، نافەرمانیی مەدەنی، مان گرتن و ... نیە. بۆیە میکانیزمی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەم بابەتانە تەواو نادێموکڕاتیك و سەرکوتکارانەیە. لەم سیستمە دا هەڵبژاردن تەواو کۆنترۆڵ و فیلتێریزە کراوە و ڕێکخراوە مەدەنی و NGO کانیش تەواو لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی دەزگای دەسەڵات دان. ئەو NGOو ڕێکخراوانەش کە سەربەخۆیی هزری و سیاسیی خۆیان لە حکوومەت تا ئێستا پاراستووە بە توندی لە ژێر زەختدان و هەرجارەو بە بیانوویەك و بە شێوەیەك کێشەو ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێ. لەم سیستمە دا وەك هەموو سیستمێکی تۆتالیتێر و نادێموکراتیکی دیکە، دێموکراسی بە دام و دەزگا نەکراوەو ئۆلیگارشییەکی دەسەڵاتدار هەموو چەمکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە پێی ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندییەکانی خۆی پێناسە و شرۆڤە دەکا و تەنیا رێگا و دەرەتانی چالاکی بەو NGOو رێکخراوانە دەدا کە پاساودەری سیاسەتەکانی بن و لە راستی دا لە لایەن مۆرەکانی خۆیانەوە بەڕێوە دەچن. دەنا ئەوانی

> **کەوابوو خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد رەوایی خۆی لەو بارودۆخە کارەساتبارە وەردەگرێ، نەك لە ویست و ئارەزووی کۆڕو کۆمەڵێك بژاردە یا سیاسەتێکی نێودەوڵەتییەوە**

دیکە بەردەوام لە ژێر زەخت و چاوەدێریدا دەبن و تا ئاستی داخستنی تەواویش دژایەتییان دەکا.

لە سیستمی سیاسیی ئێراندا نەتەوە ژێردەستەکان وەك گرووپگەلێکی خاوەن شوناسی سیاسیی جیاواز پێناسە نەکراون و هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتییان بۆ لەبەرچاو نەگیراوە. کۆلۆنیالیزمی کۆماری ئیسلامی هیچ دەرەتانێکی یاسایی و دیمۆکراتیکی بۆ نەتەوە بندەستەکان لەبەرچاو نەگرتوە کە لەو رێگایەوە تەعبیر لە شوناس و مافی سیاسی خۆیان بکەن و میکانیزمێکی یاسایی نیە کە لە رێگایەوە بتوانن مافی دیاریکردنی چارەنووسیانی پێدابین بکەن. بۆیە لە سیستمێکی ئەوتۆدا دەست بردنی نەتەوەکان بۆ میکانیزمێکی توندوتیژی وەك خەبات و بەرگریی چەکدارانە بابەتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە. لە راستیدا هەڵبژاردنی میتۆدی خەبات و بەرگریی چەکدارانە لە لایەن نەتەوەیەکی بندەستی وەك کوردەوە بۆ پاراستن و داکۆکی لە مافەکانی لە چوارچێوەی ئێرانێکی نادیموکراتیك و دیکتاتۆری لێدراودا تەنیا دژکردەوە و وڵامێکی لۆژیکی بووە بە سیاسەتەکانی هاوچەشن سازی، ئاسیمیلاسیۆن، ژینۆسایدی جەستەیی و کولتووری، چەوساندنەوە و سەرکوتی ماف و ئازادییە دیمۆکراتیکەکانی لە لایەن دەسەڵاتەوە.

کەوابوو خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد رەوایی خۆی لەو بارودۆخە کارەساتبارە وەردەگرێ، نەك لە ویست و ئارەزووی کۆڕو کۆمەڵێك بژاردە یا سیاسەتێکی نێودەوڵەتییەوە. بێگومان هەر چەشنە لێکدانەوەیەکیش سەبارەت بەم میتۆدە لە خەباتی نەتەوەی کورد بکرێ، دەبێ هەموو ئەو بارودۆخ و فاکتەرانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن تێیدا لەبەرچار گیرابێ، دەنا لێکدانەوەیەکی ئابستراکت و خوێندنەوەیەکی رەها دەبێ کە لە سنووری رۆژنامەو ماڵپەڕەکان و گەنگەشەیەکی رووناکبیرانە ناترازێ و هیچ باندۆرێکی لەسەر واقیعی کۆمەڵگا نابێ. هەروەها شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی خەباتی کوردیش بە پێوەری هەندێك مۆدێلی ئەزموونکراوی دیکە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەندێك فاکتەری وەك: جیاوازییە کولتوورییەکان، هەبوون یا نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی، جیاوازیی دەسەڵاتە سیاسییەکان بە پێی رادەی دەروەست بوونیان بە بنەما دیمۆکراتیکەکان، حەشیمەت و...، خوێندنەوە و بەراوردێکی نالۆژیکی و تاکرەهەندی دەبێ کە لە ئەگەری پراکتیزە بوونیدا دەتوانێ کۆمەڵێك شوێنەواری نێگەتیڤ و قەرەبوو نەکراو لەسەر رەوتی خەباتی نەتەوەیی کورد دابنێ.

**میتۆدی کاریگەر یا میتۆدی فرەرەهەند:**

هەروەك چۆن خوێندنەوەی ئابستراکت و تاکرەهەندیی خەباتی کورد و بردنە ژێر پرسیاری خەباتی چەکدارانەی ئەم نەتەوەیە و دەست نیشان کردنی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژ وەك تاکە رێگای خەبات، نالۆژیکی و کارەساتبارە، بەهەمان شێوەش لەبەرچاو گرتنی میتۆدی خەباتی چەکدارانە وەك تاکە میکانیزمی خەبات و بەرخۆدان، تێگەیشتنێکی هەڵەیە و پاسیڤ بوون و پەراوێز کەوتنی بزاوتی رزگارخوازانەی نەتەوەی کوردی لێ کدەکەوێتەوە. بێگومان تێگەیشتن لە گەوهەر و نێوەرۆکی دیکتاتۆرییە مۆدێرنەکانی ئەم سەردەمە و جیاوازییان لەگەڵ دێسپۆتیزم و سیستمە دیکتاتۆرە کلاسیکەکانی پێشوو، یەکێك لە سەرەکیترین مەرجەکانی شرۆڤەیەکی لۆژیکی و دروستە بۆ گەیشتن بە روانگەیەکی راست و میکانیزمی گونجاوی خەبات. لەسەردەمی ئێستادا زۆربە هەرەزۆری سیستمە سیاسییە داخراوەکانیش بۆ سەلماندنی رەوایی دەسەڵاتەکەیان، ئەگەر بە شێوەیەکی رووکەش و رواڵەتیش بێ پەنا بۆ هەندێك فاکتەری دیمۆکراتیکی وەك رایگشتی، هەڵبژاردن، ئازادی رادەربڕین، هەبوونی رێکخراوی ناودەوڵەتی و... دەبەن، دیارە لەم سیستمانەدا ئەم فاکتەرانە لە نێوەرۆکی راستەقینەی خۆیان بەتاڵ دەکرێن و لە ئەرك و فۆنکسیۆنی خۆیان دوور دەخرێنەوە. هەرچەند کە ئەمە بەو واتایە نیە کەهیچ دەرەتانێك بۆ کارکردن لەوبوارانەدا نیەو کەڵك لێ وەرگرتنیان هیچ ئاکامێکی نابێ. راستە دەرەتانەکە زۆر کەمە و دەسەڵاتی سیاسییش بەمەبەستی رەوایی بەخشین بە خۆی ئەو دەلاقانەی هێشتۆتەوە، بەڵام نابێ ئەو دۆخە بەشێوەیەکی رەها سەیر بکرێ، چونکە لە سیاسەتدا هەرلایەنێك دەبێ هەوڵ بدا. بچووکترین هەل و دەرفەتەکان ببینێتەوەو بیانقۆزێتەوە. تەنانەت سیاسەتێکی ئەکتیڤ و کاریگەر ئەوەیە کە بتوانێ لە خراپترین هەلو مەرج و داخراوترین پێکهاتەدا دەرفەت بخولقێنێ‌و کەلێن و بۆشاییەکانی نێوسیاسەت و پێکهاتەی دەسەڵات بدۆزێتەوەو کارتەکانی دوژمن لە دژی خۆی بەکار بێنێتەوە.

بەکورتی، سیاسەتی ئەکتیڤ و متیۆدی کاریگەر بۆ نەتەوەی کورد لە خەباتی رزگاریخوازانەدا، پێڕەو کردنی میتۆدی خەباتی فرەرەهەندە. ئەم میتۆدە هیچ کات هاوکێشەکان بە لۆژیکی رەش وسپی یا سیفروسەد ناخوێنێتەوە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەی کە هیچ میتۆدێکی بەتەواوەتی رەد ناکاتەوە، لە هەمان کاتدا بە پێی هەلومەرج، ئەولەوییەت بەندییان دەکا و هەوڵ دەدا هاوکات و وەك تەواوکەری یەکتر کەڵکیان لێ وەبگرێ. مەودای نێوان سیفرو سەد دەبینێ‌و هەموو دەرفەتەکانی خەبات لە بەر چاو دەگرێ. ئەم میتۆدە مادام لە چوارچێوەی سیستمێکی وەك کۆماری ئسلامی دا خەبات دەکا قەت خەبات و بەرگریی چەکدارانە رەد ناکاتەوەو خۆی چەك ناکات بەڵکوو بەپێی هەلومەرج شێواز و بارستاییەکەی دەگوڕێ. هەروەها بە هۆی داخراو بوونی سیستمی سیاسییش، کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتەکانی خەباتی مەدەنییش وەپشت گوێ ناخا، بەڵکوو بەشێوەیەکی چالاك دەچێتە نێو هاوکێشەکانەوە، بۆ نموونە لەرێگای NGO و رێکخراوە نادەوڵەتییەکانەوە هەوڵ دەدا بۆ ئامانجەکانی، کولتوور سازی‌و بەستێن سازی بکا و وەك هەندێك کەناڵی نیوە فەرمی بۆ موبیلیزاسیۆنی خەڵك کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەگەر مەجالێکی بەرتەسکیش بۆ ناڕەزایەتی دەربڕینی مەدەنی و نافەرمانیی شارستانییانە هەبێ، لە پێناوی بەرجەستە کردنەوەی ئاریشەی نەتەوەکەی دا و راکێشانی رای گشتی بۆلای داواکانی لە دەستیان نادا و کەڵکیان لێ وەردەگرێ. هەروەها تێ دەکۆشێ لەململانێی هەڵبژاردنەکاندا ئەگەر تەواو ئازادو دێموکراتیکیش نەبن رۆڵ بگێڕێ و بیانکا بە دەرفەتێك بۆ هێنانە ئارای ماف و خواستەرەواکانی و بەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵات.

بۆیە لەکۆتایی ئەم بابەتەدا دەتوانین بێژین ئاکامی ئەم باسە ئەوەیە کە لە جیهانی ئاڵۆزو فرەلایەنیی سیاسەتی ئەم سەردەمە دا کە داگیرکەران بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ناڕەوای خۆیان و درێژەدان بەو کۆلۆنیالیزمە نوێیەیان لە هەموو ئامرازێك کەڵك وەردەگرن و تەنانەت دیماگۆگانە پڕەنسیپە دێموکراتیکەکانیش لە خزمەت ئامانجەکانی خۆیاندا چەواشەدەکەن، پێویستە نەتەوە ژێردەستەکان و بزاوتە رزگاریخوازانەکانیان ئەم ئاڵۆزی و پێوەندییەرایەڵکەییە وەك خۆی ببینن و واز لەو میتۆدە کلاسیکە تاك رەهەندییانە بێنن، نەبەتاقی تەنێ بە خەباتی چەکدارییەوە بنووسێن و وەك تەنیا میکانیزم ئەویش بەهەمان مۆدێلی پێشوو پێڕەوی بکەن، نە بە پەلەپەل و بەتێڕوانینێکی ساکارو تەقلیدییەوە بانگی رەدکردنەوەی بەرگریی چەکدارانە بدەن و بەبێ هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی گونجاو نەتەوەکەیان چەك و ئاو بەئاشی دوژمن دا بکەن. بەڵکوو پێویستە بەتێڕوانینێکی ئەمڕۆیی و هەمەلایەنەوە، متیۆدێکی فرە رەهەند پێرەوبکەن کەهاوکات و بەشێوازێکی نوێ بتوانێ کەڵك لەهەموو میکانیزم و میتۆدەکانی خەبات وەك تەواو کەری یەکتر وەرگرێس.



---

درێژەی:

## راپۆرتی دیدارەکانی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ستراسبورگ

قوربانییەکەی زۆرتر خەڵکی ئێران بێ تا رێژیمی ئێران، کارسازترین رێگە پشتیوانیی بە کردەوە و راستەوخۆ لە ئازادیخوازانی دەرەوە و ناوەوەی ئێرانە. لێرەدا حەسەن زادە بڕیارنامەی ژمارە ٥١٥ ی چەند مانگ لەمەوبەری شووڕای ئورووپای وەبیر بەڕێز "لیند بلاد" هێنایەوە کە شووڕای ئورووپا بە پێشنیار و ئیبتکاری شەخسی ئاغای "لیند بلاد" لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی خۆپێشاندەران لە پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا پەسندی کردوە و لە دوا پاراگرافی ئەو بڕیارنامەیەدا شووڕای ئورووپا ئامادەییی خۆی بۆ قووڵکردنەوەی هاوکاری لەگەڵ هێزە دێموکڕاتیکەکان و کۆمەڵی مەدەنیی ئێران دەربڕیوە. لە وڵامدا "یۆران لیند بلاد" وێڕای درکاندنی ئەو قەناعەتە کە دڵنیاترین و پایەدارترین رێگا چارە تەنیا گۆڕانی رێژیم لە ئێراندایە، پێشوازیی لە پێشنیارەکانی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لەمەڕ بەشدارکردنی زیاتری موخالفانی کۆماری ئیسلامی لە ئیدارەی نێونەتەوەییی دۆسیەکانی پێوەندیدار بە ئێراندا کرد. بەشێکی دیکەی دیدارەکانی هاوڕێیانی حیزب لە ستراسبورگ بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ چەند کەسایەتی‌یەکی بواری مافی مرۆڤ و تاوتوێ کردنی هێندێك پرسی پێوەندیدار بە کوردەکانی ئێران تەرخان کرابوو. لەو پێوەندی‌یەدا، کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ١ ی ئۆکتۆبر، بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ لۆبی‌سازی ئەمریکایی و سەرۆکی پێشووی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ بەڕێز " میکائیل ماک گی" کۆبۆوە. لە دانیشتنێکی گەرم و دۆستانەدا هەردوو لا بە ئەزموونی ساڵەکانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ ی هاوکاریی نێوانیان لە بواری کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ پارلمانتێرانی ئورووپایی بۆ پشتیوانی لە خەباتی کوردەکاندا چوونەوە و بەهۆی گۆڕانی بواری چالاکیی بەڕێز "ماک گی" هێندێك رێکار بۆ راکێشانی سەرنج و پشتیوانیی ناوەندە فەرانسەیی‌یەکانی ستراسبورگ لە قەزیەی کوردەکان لە ئێرانیاندا تاوتوێ کرد.

– لە دیدارێکی دیکەدا، کاتژمێر ١١ی بەیانیی رۆژی دواتر، ئاسۆی حەسەن زادە لەگەڵ وەکیلێکی فەڕانسەییی چالاك لەبەردەم دادگای ئورووپایی مافی مرۆڤ کە ناوی بە پارێزراوی دەمێنێتەوە کۆبۆوە هەتا لەبارەی ئیمکانی شکایەت کردن لە دەوڵەتی ئوتریش لە پێش دادگای ستراسبورگ و لە پێوەندی لەگەڵ رێگریی حکوومەتی ئەو وڵاتە لە بە ئاکام گەیشتنی پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوودا رێکارە مومکینەکان هەڵسەنگێنن و هەنگاوی بۆ هەڵێننەوە

شەلال گەدۆ:

# ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس لەسەر بنەمای "تەعریب و تەرحیل" دامەزراوە

دیمانە: حەسەن شێخانی

باشووری بچووك، باکووری بچووك، باشووری رۆژئاوا و رۆژئاوای کوردستان ئەو ناو و دەستەواژانەن بۆ پارچەیەکی نیشتمانەکەمان کە لە بندەستی سووریە دایە بەکار دەبرێن. ئەو پارچەیەی نیشتمان، کە زۆر کەم قسەی لەسەر دەکرێ و دەنووسرێ. تەنانەت کەسایەتییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتیش زانیاریی کەمیان لەبارەی ئەم پارچەیەی کوردستانەوە هەیە.

بە مەبەستی ئاشنابوونی هەرچی زیاتری خوێنەرانی "کوردستان" لەگەڵ رەوشی کوردی رۆژئاوای کوردستان، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی رێژیمە یەك لەدوای یەکەکانی سووریە لە هەمبەر کوردو هەڵسەنگاندنی شوێن و پێگەی حیزبەکانی ئەم پارچەیە، وتووێژێکمان لەگەڵ "شەلال گەدۆ" ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی چەپی کورد لە سووریە و نوێنەری ئەو حیزبە لە باشووری کوردستان پێك هیناوە.

حیزبی چەپی کورد لە سووریە ساڵی ١٩٦٥ لە لایەن "عوسمان سەبری"یەوە دامەزراوە و داوای مافی سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتی بۆ کوردی ئەم پارچەیە دەکا.

**دوای ئەوەی کە هێزەکانی فەرانسە لە ساڵی ١٩٤٧ لە سووریە دەچنە دەرەوە، سیستمی کۆماری لە سووریە دادەمەزرێ. رەوشی کوردی رۆژئاوا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٧ تا ١٩٥٧ کە یەکیەتییەك لە نێوان سووریە و میسر دروست دەبێ چۆن بوو؟ ئایا ئەوە راستە کە دەوڵەتی سووریە کوردی ئینکار و سەرکوت نەدەکرد و سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی بەڕێوە نەدەبرد؟**

گەدۆ: لە ساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٥٧ رێژیمی سووریە لەگەڵ کوردان زۆرباش بوو. زۆر کەسایەتیی کورد لە پارلماندا هەبوون. لەو ماوەیەدا یەکێك لە سەرۆکانی ئەرکانی سوپای سووریە، کوردبوو. جیاوازی لە نێوان کورد و عەرەب دا، نەبوو. کورد بە پێی توانا و لێهاتوویی خۆیان بەرپرسایەتییان وەردەگرت و دەبوونە وەزیر، سەرۆك وەزیر و... . روانگەو کردەوەی شوڤێنیستی لە لایەن دەوڵەتی سووریەوە لە ئارادا نەبوو.

**دوای ئەوەی یەکیەتییەك لە نێوان سووریە و میسر دروست دەبێ و بە تایبەت دوای هاتنە سەرکاری حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا چ گۆرانکارییەك لە رەوشی کورد دا پێك دێ؟**

گەدۆ: دوای ئەوەی یەکیەتی لە نێوان سووریەو میسر دروست دەبێ ئینکار کردن و سەرکوت کردنی کورد دەست پێدەکا و سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن بە شێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوە دەچێ. عەرەبەکانی سووریە بە کلتوورێکی نەژادپەرستی و دەمارگرژانە پەروەردە دەکرێن و جیاوازی و ستەم و چەوساندنەوە نیسبەت بە کورد دەست پێ دەکا، بە تایبەت ئایدۆلۆژیی حیزبی بەعس، ئایدۆلۆژیاییەکی فاشیستی بوو و لەسەر ئەو بنەمایە دارێژرابوو کە هەموو ئەوانەی لە سووریە دەژین عەرەبن و هیچ چەشنە جیاوازییەکی کلتووری و نەتەوەیی قبوول نەدەکرد. واتە ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس لەسەر بنەمای "تەعریب و تەرحیل" دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٦٢دا ژمارەیەکی زۆر لە کوردان ناسنامەی سوورییان پێنادرێ و پێیان دەگوترێ ئێوە خەڵکی ئەم وڵاتە نین و کۆچبەرن. پرۆژەی بێناسنامە کردنی ئەم کوردانە کە ژمارەیان سەدوپەنجا هەزار کەس بوو لە پێناوی توانەوەیان لەنێو بۆتەی فەرهەنگی عەرەبدا یان ناچارکردنیان بۆ بەجێهێشتنی وڵاتی سووریە بوو. ئێستا ژمارەی ئەو کوردانەی ناسنامەی سوورییان نیە دەگاتە نیو میلیون کەس. لە ساڵی ١٩٦٢دا تەنانەت ئەو کەسانەی پێشتر وەزیر و بەرپرسی پابەرزی حکوومەتیش بوون ناسنامەیان لێوەرگیراوە. ئەم سیاسەتەزیاتر لە هەموو شوێنێك لە "جزیری" کە زۆربەی هەرەزۆری حەشیمەتەکەی کوردبوو بەرێوەچوو. ئامانجی ئەو سیاسەتە ئەوەبوو ئەوەی دەبێتە عەرەب با ببێتە عەرەب، ئەوانی دیکەش با سووریە بەجێ بێڵن. کاتێك شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ لە باشووری کوردستان دەستی پێکرد رێژیمی سووریە ترسێکی زۆری رێنیشت. لەبەر ئەوەی کوردی رۆژئاوا یارمەتی شۆڕشی باشووری کوردستانیشیان دەکرد رێژیمی سووریە زۆرتر نیگەران بوو. ئەم ترس و نیگەرانییەش لەسەر بێ ناسنامەکردنی ئەو سەدوپەنجاهەزار کوردە کاریگەری هەبوو. هەر کاتێك لە پارچەکانی دیکە بەرەوپێش چوون یان سەرکەوتنێك بۆ پرسی کورد دێتە ئارا رێژیمی سووریە پێی نارەحەتە و نیگەران دەبێ. بۆ نموونە کاتێك فیدراڵی باشووری کوردستان لە دەستووری عێراقدا دەچەسپێندرێ سی گەنجی کورد له خۆپیشاندانێك لە قامیشلی کە بەم بۆنەیەوە رێك خرابوو



شەهید دەکرێن و دواتریش خۆپیشاندان هەموو شارەکانی رۆژئاوای کوردستان دەگرێتەوە، واتە سووریە بەم سەرکەوتنەی باشوور نارەحەتەو تۆڵەی خۆی لە کوردی رۆژئاوا دەکاتەوە.

**حیزبی بەعس دوای هاتنە سەرکاری، پرۆژەیەکی دیکەی بەناوی "کەمەربەندی عەرەبی" هەبوو، ناوەرۆکی ئەو پرۆژەیە چ بوو؟ دەرئەنجامەکانی ئەم پرۆژەیە کامانەن؟**

گەدۆ: هەروەك پێشتریش وتم ئایدۆلۆژیای حیزبی بەعس، ئایدۆلۆژیایەکی فاشیستیە و لەسەر بنەمای بەعەرب کردن و راگواستنی کوردان بنیات نراوە. پرۆژەی کەمەربەندی عەرەبی ئاکامی لۆژیکی ئەم ئایدۆلۆژیایە. بە پێی ئەم پرۆژەیە عەرەبێکی زۆر لە ناوچەکانی سەر سنووری دەستکردی رۆژئاوای کوردستان بە درێژایی ٣٧٥ کیلومتر و بە قووڵایی ١٥ تا ٢٥ کیلومتر جێگیر کراون. بەتایبەت ئەو عەرەبانەی کە بە هۆی دروست کردنی بەنداو لەسەر رێگەی چۆمی فورات، شوێنەکانیان وەبن ئاو کەوتبوو بۆ کوردستان راگوێزران و خاکی کوردیان بەسەر دا دابەش کرا. ئەو عەرەبانەی لە کوردستانن هەموویان عەرەبی هاوردە نین بەڵکوو هێندێك لەوان عەرەبی ئەسیلن. بۆ نموونە ئەو عەرەبانەی لە نێوان "کوبان" و "حسك" دان عەرەبی ئەسیلن و بە پێی پرۆژەی کەمەربەندی عەرەبی نەهاتوونە ئەوێ. بەڵام زۆربەی ئەو عەرەبانەی لە کوردستانن رێژیمی سووریە بە پێی پرۆژەی کەمەربەندی عەرەبی و لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەب کردن و راگواستن هێناونی بۆ کوردستان.

**رەوشی ئەو کوردانەی کە لە خاکی خۆیان کۆچیان پێ دەکرێ یان ئەو کوردانەی کە تەنانەت ناسنامەی سوورییان نیە چۆنە؟**

گەدۆ: ئەو کوردانەی بێناسنامەن لە هەموو مافەکانی یەك مرۆڤ بێبەشن. ناتوانن هیچ بکڕن و بفرۆشن. زەوی و خاکیان بەسەر عەرەبەکاندا دابەش کراوە. ناتوانن لە دام و دەزگاکانی حکوومەتی دامەزرێن و بە گشتی لە هەموو مافێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری بێبەشن.

**ئەگەری ئەوە هەیە کە روانگەی دەوڵەتی سووریە بگۆڕێ و ناسنامە بۆ ئەو کوردانە بگەڕێنێتەوە؟**

گەدۆ: پێم وانیە ئەو گۆڕانکارییە لە روانگەو رەفتاری رێژیمی سووریەدا بێتە ئارا. لەم ساڵانەی دوایی دا دەوڵەتی سووریە ئیدعای ئەوەی کرد کە دەویست ناسنامە بۆ ئەو کوردانە بگەڕێنێتەوە و ئەو مەسەلەیەی لە ئەجێندا دابوو بەڵام بە بیانووی ئەوە کە کوردی رۆژئاوا لە سویس لە هەمبەر باڵیۆزخانەی سووریە خۆپیشاندانیان کردو دروشمیان لە دژی سووریە دا، لەو بڕیارەی پاشگەز بۆوە. من پێم وایە کە ئەو تەنیا بەڵێنێکی درۆ و ئیدعایەکی بێنێوەرۆك بوو. هەتا ئێستاشی لەگەڵدابێ روانگەی سووریە بە نیسبەت کورد بەگشتی و بە تایبەت ئەو کوردانەی ناسنامەی سوورییان نیە نەگۆڕاوە.

**دەگوترێ کە دەوڵەتی سووریە دەیویست بە تەواوی کورد تەعریب و تەرحیل بکا بەڵام لەبەر هەندێك رووداوی وەك شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵەکانی ١٩٦٧، ١٩٧٣، ١٩٨٢، شەڕی ئێران و عێراق و... نەیتوانی ئەو پرۆژەیە بە تەواوی جێبەجێ بکا، رای جەنابت لەم بارەوە چیە؟**

گەدۆ: بە بڕوای من ئەو سیاسەتانەی سووریە لە دژی کورد هەروا بەردەوام بوو و ئێستاش هەر درێژەیان هەیە. زۆربەی هەرەزۆری ناوی گوندەکان، شارو شاخەکان و... کراون بە عەرەبی، کەمتر شوێنێك ماوە کە ناوی بە عەرەبی نەکرابێ. بە پێی یاسا ئەو کوردانەی لە نزیك سنوورەکان دەژین مافی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زاریان نیە، بەڵام عەرەبەکان ئەو مافەیان هەیە ئەو کوردانە رووبەرووی فشارێکی زۆر دەبنەوە. هیچ چەشنە خزمەتگوزاری و پرۆژەیەکی ئابووری لە ناوچەکانیان جێبەجێ ناکرێ. واتە دەوڵەتی سووریە ئەو کوردانە ناچار دەکا ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبێڵن و بچنە مێترۆپۆلەکانی سووریە. بە رای من ئەو شەڕانەی لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل دا روویان داوە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر بەڕێوەچوونی ئەو سیاسەتانە لە دژی کورد دانەناوە و دەوڵەتی سووریە بە پێی توانا ئەو سیاسەت و پرۆژانەی لە دژی کورد جێبەجێ دەکا.

**لە سەرەتای دەیەی حەفتای سەدەی بیست دا عەلەوییەکان بە سەرۆکایەتیی حافز ئەسەد دەسەڵات دەگرنە دەست، ئایا سیاسەتی ئەوان جیاوازییەکی لەگەڵ حکوومەتەکانی پێشوو هەبوو؟**

گەدۆ: دوای ئەوەی عەلەوییەکان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن پرۆژەی بەعەرب کردن و راگواستنی کوردان درێژە پێدەدەن. بەم هۆیە رۆژ لە دوای رۆژ رەوشی کورد خراپتر دەبێ. واتە لە سەردەمی حافز ئەسەد و بەشار ئەسەدی کوڕی دا هیچ گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ بە نیسبەت کورد نایەتە ئاراوە.

**کوردی رۆژئاوای کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو لە شۆڕشەکانی باکوور و باشووری کوردستان دا بەشدار بوون و خزمەتێکی زۆریان بەو پارچانە کردوە. ئێوە هەڵوێستی ئەو پارچانە بە نیسبەت رۆژئاوای کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

گەدۆ: حیزبەکانی باکوور و باشووری کوردستان بە نیسبەت پرسی کورد لە رۆژئاوا زۆر کەمتەر خەمن. بەتایبەت کوردی باشوور کە حکوومەت و پارلمانیان هەیە، ئێمە چاوەروانیەکی زیاترمان لێیان هەیە بەڵام بەداخەوە هیچ پشتیوانییەکیان لە دۆزی کورد لە رۆژئاوای کوردستان نەکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا دۆستایەتییەکی باشیان لەگەڵ رێژیمی سووریە هەبووە و هەیە.

**رۆژئاوای کوردستان بچووکترین پارچەی کوردستانە بەڵام حیزب و رێکخراوی سیاسیی زۆر و جیاجیای هەیە. بە گشتی ئەم پارچەیە چەند حیزبی هەن؟ ئایا پێگەی جەماوەرییان هەیە؟ داواکانیان چیە؟**

گەدۆ: رۆژئاوای کوردستان ١٢ـ١٣ حیزبی هەن. بەداخەوە ئەم حیزبانە پێگەی جەماوەرییان کەمە. لەبەر ئەوەی کە رۆژئاوای کوردستان پچرپچڕە و لە نێوان شارەکانیدا ویلایەتی عەرەب هەن و وەك پارچەکانی دیکە لە رووی جوغرافیاییەوە یەك پارچە و یەکگرتوو نیە هیچ کام لە حیزبەکان داوای ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی ناکەن بەڵکوو داوای مافی سیاسی، کلتووری و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سووریەدا دەکەن. رۆژئاوای کوردستان پارچەیەکی بچووکی کوردستانە، شاخ و کێوی نیە. لەبەر ئەوەی کە حیزبەکان چالاکییەکی ئەوتۆیان نەبووە و بە تایبەت دەرەتانی خەباتی چەکدارییش لە ئارادا نیە بۆیە نەیانتوانیوە خاوەنی جەماوەرێکی زۆر بن. هەرچەند pkk سیاسەتێکی دروست لە هەمبەر رۆژئاوای کوردستان بەڕێوە نابا بەڵام چونکە بۆشایی هەیە توانیویەتی خاوەنی پێگەیەکی بەرفراوانی جەماوەری بێ. کوردی رۆژئاوا هەروەك مێژووی ئەم پارچەیە نیشانی داوە شۆڕشی کورد لە باشوور بووبێت یان لە باکوور، بەو پەڕی تواناوە بەشدارییان کردوە و یارمەتییان داون. هەر بەم پێیەش بە رادەیەکی زۆر لە pkkش دا بەشدارن.

Pkk سەرنجی لاوانی رۆژئاوای بۆ لای باکوور راکێشابوو و دەیانگوت زۆربەی کوردەکانی رۆژئاوا کۆچەرن و لە باکوورەوە هاتوون و کارێکی وا دەکەین دیسان بیانگەڕێنینەوە باکوور. لەبەر ئەم سیاسەتەش بوو کە دەوڵەتی سووریە شوێن و جێگەی پێدابوون و ئیجازەی دابوو سەرکردایەتی و شوێنی پەروەردەی کادرەکانیان لە سووریە و بقاع بێ.

**رۆژئاوای کوردستان پچرپچڕە و لە نێوان شارەکانیدا ویلایەتی عەرەب هەن و وەك پارچەکانی دیکە لە رووی جوغرافیاییەوە یەك پارچە و یەکگرتوو نیە**

**راتان سەبارەت بە پارتی یەکیەتی دێموکراتیك PYK چیە؟**

گەدۆ: هەر چەند ئێمە PYDوەك بەشێك لە pkk دەزانین کە بۆ رۆژئاوای کوردستان دروست کراوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش حازرین لەگەڵی دانیشین و پێکەوە بەرە پێك بێنین.

**بارودۆخی میدیای کوردی لە رۆژئاوای کوردستان چۆنە؟ ئایا ئەسڵەن میدیای کوردی بوونی هەیە؟**

گەدۆ: لە رۆژئاوای کوردستان رۆژنامە، رادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی نیە. ئەو شتانە قەدەغەن. تەنانەت قسەکردن بە کوردی لە دایرە و شوێنە حکوومەتیەکان و زانکۆکان (بە شێوەیەکی فەرمی) قەدەغەیە. رێژیمی فاشیستی سووریە رێگەی ئەوە نادا کە میدیا و راگەیاندنی کوردی هەبێ.

**سەبارەت بە کۆنفرانسی نەتەوەیی کە لە چەند مانگی رابردوودا لە رۆژەڤ دابوو راتان چیە؟**

گەدۆ: ئێمە هەر کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بەرێوە بچێ بەشداریی تێدا دەکەین تەنانەت ئەگەر لە لێژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسیش دا ئەندام نەبین. پێشم وانیە کە تورکیە لە پشت گرتنی ئەم کۆنفرانسەوە بێ.

**وەك دوایین پرسیار رەوشی کورد لە باکووری کوردستان چۆن دەبینن؟ ئایا پێتان وایە AKP بۆ چارەسەر کردنی پرسی کورد جیددییە؟**

گەدۆ: یەکەم جارە لە تورکیە لە ئاستێکی ئاوا بەرزدا باسی چارەسەر کردنی پرسی کورد دەکرێ و تەنانەت AKP رادەگەیەنێ کە پرۆژەیەکیشی بۆ چارەسەری ئەم پرسە هەیە. دەبێ کورد پشتگیری ئەم هەوڵانەی AKP بکا. هەرچەند تا ئێستا شەقامی تورکی و سوپا کە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە ئامادەییەکی ئەوتۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە نیە. ئێمە لە دانیشتنمان لەگەڵ ئەو وەفدەی DTP کە بۆ باشووری کوردستان هاتبوو، ئەوەمان پێ راگەیاندن کە پێویستە پشتگیری هەوڵەکانی AKP بکرێت.

**پێت وایە کە DTP بە شێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا دەکا؟**

گەدۆ: پێم وایە DTP بە شێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغەدا دەکا و عاقڵانە دەجووڵێتەوە.

# مافەکانی نەتەوە نافارسەکان لە بەڵگەنامەی سیاسی "راە کارگر"دا

یونس شامیلی
وەرگێڕان لە فارسییەوە: ب.هیوا

ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راە کارگر)، بەڵگەنامەکانی چواردەیەمین کۆنگرەی خۆی بڵاو کردەوە. هەر وەك دەزانن ماوەیەکی زۆر بە سەر لەتبوون و جیابوونەوە لە نێو "راە کاگر"دا رانابرێ. ئەم کۆنگرەی چاردەیەمە لە راستیدا هی ئەو بەشەی "راە کارگر"ە کە بە خۆی دەڵێ: "هەیئەتی ئیجرایی"

دیارە بەڵگەنامەکان دەکرێ لە روانگەی جۆراوجۆرەوە بکەونە بەر رەخنە و لێکۆڵینەوە. بەڵام ئەوەی لە خوارەوە بە کورتی دەپرژێمە سەری، روانگەی "راە کارگر" بۆ مافە یەکسانەکانی میللییەتەکان لە بەڵگەنامەی سیاسی ئەو ڕێکخراوە دایە.

بەر لە هەر شتێك دەبێ بگوترێ کە لە هەلومەرجی ئێستادا هێنانەگۆڕی روانگە و بۆچوونی تەشکیلاتی و تەنانەت تاکە کەسی لە بارەی پرسی میللییەتەکان و مافەکانی یەکسانی ئەوان لە ئێران دا، لەگەڵ هەستیاری (حساسیت) و روونکاری (شفافیت)ێکی زیاتر بەرەو روویە. هۆی ئەم هەستیاری و روونکارییە، دەگەڕێتەوە بۆ پەرەگرتنی بزووتنەوەی شوناسخوازی لە نێو نەتەوە نافارسەکان بەتایبەتی لە نێو گەلی ئازەربایجان و تورکەکانی ئێران دا.

گەلی ئازەربایجان لە جۆزەردانی ١٣٨٦ (مای ٢٠٠٦) راپەڕینێکی بەرینی بە بیانووی چاپی کاریکاتۆرێکی پڕ لە سووکایەتی بە تورکان لە رۆژنامەی رەسمی و دەوڵەتیی "ایران"دا، وەڕێ خست و بە بەشداریی میلیۆنیی خەڵك لەو راپەڕینەدا، بووە هۆی لە دایکبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی ئازەربایجان لە شانۆی سیاسی ئێران دا. لەو کات بە دواوە، بیرو رادەربڕین لە بارەی پرسی میللییەتەکان لە ئێران دا، گرنگییەکی زیاتری هەیەو، ئەمە لە بارەی بیروڕادەربڕینی گرووپەکان و حیزبە سیاسییەکانیشەوە هەر راستە.

راستییەکەی ئەمەیە کە گوتاری عەقڵانیی چەپی مارکسیستی لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی سەر بەم مەیلە لە نێو کۆمەڵی فارسی ئێران دا، زۆرتر لە ئەدەبیاتی سیاسیی "راە کارگر"دا خۆی نواندوە. دیارە روانگەی ئەم ڕێکخراوە لە بارەی مافەکانی نەتەوەکان بە هەورازو نشێوی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە. سەرنجدان بە روانگەی ئەم دوایی یانەی "راە کارگر" لە راستی دا، سەرنجدانە بە بۆچوونە عەقڵانییەکانی چەپی مارکسیستی، لە بەرامبەر بۆچوونە شێوە فاشیستیەکانی هێندێك لە حیزبە چەپە مارکسیستییەکانی کۆمەڵی فارسی ئێران لە بارەی مافەکانی میللییەتەکانی ئێران. من بەندی "ج"ی بەڵگەنامە سیاسیی "راە کارگر"م بۆ ئاگاداریی خوێنەران، لکاندوە بە کۆتایی ئەم نووسینەم.

بەندی "ج"ی بەڵگەنامەی سیاسیی ناوبراو لە ژێرناوی پیویستیی داکۆکیی لێبڕاوانە لە مافەکانی میللییەتە ژێر ستەمەکان دا روانگەی "راە کارگر"ی خستۆتە روو. بە چاو خشاندنێك بەسەر فۆرمولە کردنی ئەم بەڵگەنامەدا، دەکرێ ئەم خاڵە زۆر ئەرێنییانەی تێدا بەدی بکەین:

ـــ بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوە ستەم لێکراوەکان.

ـــ پێداگرتن لەسەر پێویستیی داکۆکیی لێبڕاوانە لە مافەکانی نەتەوە زۆرلێکراوەکان.

- پێداگرتن لەسەر گرنگی پێویستیی داکۆکی لە یەکسانیی مافەکانی میللییەتەکانی ئێران.

- پێداگرتن لەسەر ئەمە کە خوێندن بە زمانی زگماکی، مافی هەر مرۆڤێکە کە دەبێ لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە، دەست پێبکرێ.

ئەم تەوەرانەی سەرەوە بنەڕەتیترین و ئەرێنانەترین بەشەکانی بەندی "ج"ی بەڵگەنامەی سیاسیی "راە کارگر" یان بۆ خۆیان تەرخان کردوە. بەڵام بە هەموو ئەم خاڵە ئەرێنییانەشەوە کە لە روانگەی "راە کارگر"لە بارەی پرسی مافەکانی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران دا هەن، دەتوانین هێندێك ناڕوونی و ناتەواوییش بەدی بکەین کە بریتین لە:

١- "راە کارگر" سەرەڕای ئەوەی بە حەق و بەراستی بە شێوەیەکی ئەرێنی، گرنگیی ژیانەکیی "پێویستیی داکۆکی لە یەکسانیی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران"، واتە فارس، تورك، کورد، بەلووچ، عەرەب و.... ی ئاماژەی پێ کردوە، بەڵام هیچ کات ئەو پرۆژە سیاسییەی ناو نەبردوە کە نەتەوەکان بەراستی بە شێوەیەکی یەکسان دەتوانن پێکەوە تێی دا بژین. هەربۆیە داکۆکی لە یەکسانیی مافەکانی میللییەتەکانی ئێران بەبی گەڵاڵەیەك کە بە کردەوە ئەم یەکسانییەی تێدا وەدی بێ بەرەبەرە وەك تەبلیغاتێکی سیاسی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتری خەڵکی لێ دێ تا بەدی هێنانی ئەم بۆچوونە لە مەیدانی کردەوەدا.

٢- "راە کارگر" لە درێژایی بەندی "ج"ی بەڵگەنامەی سیاسی دا، ستەمی نەتەوەیی، بە زۆری لە بێبەشیی میللییەتە ژێر ستەمەکانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماکی دا دەبینێ. ئەوە راستە کە خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ نەتەوە نافارسەکانی ئێران گرنگییەکی ژیانەتیی هەیە، بەڵام بەم حاڵەشەوە، ئەمە هەموو ستەمە نەتەوەییەکە نیە. ئەگەر بمانەوێ ستەمی نەتەوەیی، بە مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران، دابین بکەین، هەر بەم جۆرە کە "راە کارگر" لە کۆتایی بەندی "ج"ی خۆی دا پێی لەسەر داگرتووە، دەبێ هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی و سەرجەم بوارە فەرهەنگی، زانستی و سەنعەتی بگرێتەوە. هەر بۆیە پێداگرتن لەسەر خوێندن بە زمانی زگماکی بە مەبەستی سڕینەوەی ستەمی نەتەوەیی، شتێکی پێویستە بەڵام بە هیچ جۆر، تەواو نیە. بەم پێیە لە بەڵگەنامەی سیاسیی "راە کارگر"دا پێناسەی ستەمی نەتەوەیی، تەنیا لە نەخوێندن بە زمانی زگماکیی نەتەوەکان دا، چڕ بۆتەوە. بەڵام بوارە گرنگەکانی دیکە، بۆ وێنە سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵاتی و ... بە تەواوی لە بیر کراون.

٣ـ داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس تا ئەو دیوی سنووری جیابوونەوە، نەك هەر شەهامەت و بڕوا بەخۆبوونی "راە کارگر" دەگەیەنێ، هەر لەو کاتەدا زنجیرە نادیارەکانی دیلیەتییەك دەپچڕێنێ کە لە سایەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی "پان فارسیزم"، قورسایی خستۆتە سەر ملی نەتەوە نافارسەکانی ئێران. قسە کردن لە پچڕانی ئەم دیلیەتییەش هەنگاوێکە بەرەو هەستێك کە مرۆڤ بەهۆی ئەوەوە سەربەستانە و بە دڵخوازی خۆی لەسەر چارەنووسی سیاسیی خۆی، بڕیار دەدا. بەڵام مەبەستی "راە کارگر" کەڵك وەرگرتن لەم تاکتیکەی بۆ باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس، جیابوونەوەی نەتەوەکان لە یەکتر نەبووە. "راە کارگر" ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بە هەنگاوێك لە پێناوی پێکەوە بوونی ئاگایانەو دڵخوازانەی میللییەتەکانی ئێران دەزانێ. سەرەڕای ئەمەش، لە بەندی "ج"ی بەڵگەنامەی سیاسی دا، تەنانەت ناوی پرۆژەیەکی




دیاریکراوی سیاسیش بۆ ئەم پێکەوە بوونە، نەهاتوە. ئایا "راە کارگر" بە نیازی پێك هێنانی دەوڵەتێکی "متمرکز" لە ئێرانە؟ ئەگەر وڵامەکە "نایە" کام پرۆژە دەتوانێ بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی لامەرکەزی لە ئێران دا، بە کەڵك و کاریگەر بێ؟ ئایا "راە کارگر" بڕوای بە بیرکردنەوەی فیدراتیوی یەکەم رێبەرانی شۆڕشی ئۆکتوبر هەیە؟ ئەو بیرکردنەوەیەی کە یەکیەتیی فیدراتیوی کۆمارە شوورایی‌یەکانی لەسەر بنیات نرا؟ ئەو یەکیەتییەی کۆمارەکان کە دیارە لە نەبوونی دێموکراسی و ئیرادەی خەڵك دا، بەڕێوەچووو هەر بۆیەش سەرەنجام، سەرجەمی پرۆژەکەی لەگەڵ شکست بەرەو روو کرد. ئەمانە، ئەو پرسیارانەن کە دەبوایە لە بەندی "ج"ی بەڵگەنامەی سیاسی دا، وڵامی روونیان درابایەوە.

٤ـ بەندی "ج"ی بەڵگەنامەی سیاسیی "راە کارگر" بە دەست کەم و کورپییەکی دیکەشەوە دەناڵێنێ. ئەویش خۆبواردن لە هێنانی ناوی نەتەوەکان و ناوی زمانەکانی ئەوانە. کۆماری ئیسلامی لە هەموو بەڵگەنامەکانی خۆیدا، بۆ وێنە لە بەڵگەنامەی سەرژمێری، چاپەمەنییەکان و راگەیەنەکانی دا، لە هێنانی ناوی نەتەوەکان (ئازەبایجانی، کورد، بەلووچ، عەڕەب، تورکمەن و...) و زمانەکانی (تورکی، کوردی، بەلووچی، تورکمەنی، عەڕەبی و...) بە توندی خۆی دەبوێرێ. نەبردنی ناوی میللیەتەکان و نەهێنانی ناوی ئەو زمانانەی لە ئێران داهەن، بیرەوەریی تاڵی حاشا کردنی بەرەسمی لە بوونی ئەو نەتەوانە و زمانەکانیان وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە.

٥ـ خاڵێکی ئەرێنیی دیکە لە دەقی بەندی "ج"ی بەڵگەنامەی سیاسی دا، پێداگرتن لە سەر "ئەگەری کەڵك وەرگرتنی دەوڵەتانی بێگانە لە مەسەلەی نەتەوەیی"یە. لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوە:

"گومانی تێدا نیە کە ئیمریالیزمی ئەمریکا بۆ بەرەو پێشبردنی هێندێك لە گەڵاڵە شوومەکانی لە ئێران و ناوچەدا، هەوڵ دەدا کەڵك لە کێشەی نەتەوەیی وەربگرێ". بەڵگەنامەی سیاسی، دەستبەجێش ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە "بەڵام ئایا بەم بیانوویە دەکرێ بوونی بە کردەوەی ستەم و بێبەشیی نەتەوەیی نەبینین؟ ئەوان لەوانەیە هەر بەم نیازەوە کەڵك لە بزووتنەوەی کرێکارییش وەربگرن و، وەریشیان گرتوە."

کەڵك وەرگرتنی دەوڵەتانی بێگانە لە بزووتنەوە نێوخۆییەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر، شتێکی ئاشکرایە، چونکە هەموو دەوڵەتانی جیهان بە دوای قازانجەکانی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکانیانەوەن. هەروا کە دەقەکەشی دانی پێداناوە هێزە دەرەکییەکان لە بزووتنەوە کرێکارییەکانیش بۆ مەبەستی خۆیان کەڵك وەردەگرن. دەبێ لە "راە کارگر" پرسیار بکرێ ئایا نفووز کردنی دەوڵەتانی خاریجی لە نێو حیزب و کەسایەتییە فارسەکانی ئێران دا، بە راست و چەپەوە کە خۆشیان بە سەرانسەری دەزانن، لەگەڵ نفووزی ئەو دەوڵەتانە لە نێو حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کۆمەڵی نافارسی ئێران دا، هەر بۆ بە راورد کردن دەبێ؟! هەموو لایەك دەزانن کە لە نێو حیزب و رێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکانی سەربە کۆمەڵی فارسی ئێران دا (ئەو حیزب و رێکخراوانەی بە راست و چەپەوە ناوەکەی خۆیان بە پاشگری ئێران رازاندۆتەوەو هەروەها کەسایەتییە گرنگ و کاریگەرەکانی ئێران لە باوەشی خودی ئەمریکا دان و بۆ دروستکردنی بیروڕای گشتی لە ئێران، تەلەڤیزیۆنی دەنگی ئەمریکاشیان خراوەتە بەر دەست. ئەدی بۆچی رەوتە چەپەکان یا حیزبەکانی سەربە نەتەوە نافارسەکانی ئێران، پایەکی هەمیشەیی بەرنامەکانی ئەو تەلەڤیزیۆنە نین؟!

من لەگەڵ بناغەی ئەم بیرکردنەوەیەو، ئەگەری کەڵك وەرگرتنی دەوڵەتانی خاریجی لەم کێشەیە، گرفتێکم نیە. کێشەی من لەگەڵ نووسەرانی ئەم بەڵگەنامەیە لەم روانگەیەوەیە کە سەرنجیان نەداوەتە ئەم حەساسییەتانەی لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا پێك هاتوون. نووسەرانی بەڵگەنامە دەبوایەئەم حەسساسییەتەیان هەست پێ کردبا کە هێنانە گۆڕی بیرۆکەی کەڵکوەرگرتنی دەوڵەتانی بێگانە لە بزووتنەوەی نەتەوە نافارسەکان لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا بووە بە نۆرم و کۆدی دەوڵەتی ناوەندی بۆ سەرکوتی ئەو نەتەوانە. لەم روانگەیەوە، هێنانەگۆڕی کەڵك وەرگرتنی دەوڵەتانی بێگانە لە بزووتنەوە میللی دێموکراتیکەکانی نەتەوە نافارسەکان لە دوو شوێنی ئەم بەڵگەنامە یەك لاپەڕەیی‌یە، لە واقیع بینیی سیاسی بە دوورەو زۆر نزیکە لە کۆدو نۆرمەکانی سەرکوت. بۆچی فاکتی کەڵك وەرگرتنی بێگانە، تەنیا لەو بەشەی بەڵگەنامە سیاسییەکەدا هاتوە کە باسی کێشەی نەتەوە نافارسەکان دەکا. بۆچی ئەم چەمکە لە بەشی کرێکاری، یا لە بەشەکانی دیکەی بەڵگەنامەکەدا نەگونجێندراوە؟!

دەگەینە ئەم ئاکامە کە "راە کارگر" بە هەموو ئەو خاڵە ئەرێنییانەشەوە کە لە بەڵگەنامە سیاسییەکەی دا هاتوون، دەبێ هەروا بەرەو قووڵبوونەوەی زیاتر لە روانگەکانی داو، بە پەیرەوی لەمە بەرەو گۆڕان لە بەرنامە سیاسییەکانی دا هەنگاو بنێ. قووڵبوونەوەو بە شوێن ئەودا، گۆڕان، دەتوانن "راە کارگر" لەو سەرلێشێواوییانەی لە قۆرت و پێچی سیاسی وەك ئەوەی لە جۆزەردانی ١٣٨٥دا لە ئازەربایجان رووی دا، یا لە دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ بینیمان، خۆی رزگار بکاو "راە کارگر" بخاتە هەڵوێستێکی واقیعیترو کاریگەرتر.

٢٠٠٩/٨/٢٢

Yunes.shameli@gmail.com

پاشکۆ:

### بەڵگەنامەی سیاسی، پەسند کراوی کۆنگرەی چاردەیەمی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راە کارگر)

بەڵگەنامەی سیاسیی پەسند کراوی کۆنگرەی چاردەیەمی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (راە کارگر)

ج - پێویستیی داکۆکیی لێبڕاوانە لە مافەکانی نەتەوە زۆرلێکراوەکان. لە وڵاتی فرە نەتەوەی ئێمەدا یەکێك لە هەستیارترینی ئەو پرسانەیە کە داهاتووی ئازادی، دێموکراسی و تەنانەت مانەوەی وڵات بە چارەسەری ئەوانەوە بەستراوەتەوە. نیوەی خەڵکی ئێران تەنانەت لە نێو ماڵ و زێدی خۆشیان دا بە زرە ئێرانی دەژمێردرێن و لە مافێکی زۆر سەرەتایی وەك خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان بێبەشن. بە داخەوە زۆر لە رەوتەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە باشترین حاڵەت دا، وا بەباش دەزانن لەم بێ مافییە گەورەیە بێدەنگ بن. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە توندترین باسکی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، زۆرتر بۆ دەمکوتکردنی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەکار دەهێنرێ و، فێڵاویترین و پڕ مەترسیترین بەشی پرۆژەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی، دزە کردن بۆ نێو ریزەکانی بزووتنەوەکانی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی، کردوە بە ئامانجی خۆی. بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو بەشە لە چالاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە بزووتنەوەی حەقخوازانەی میللییەتە ژێرستەمەکان بە هەڕەشەیەك بۆ سەر تەواوەتیی ئەرزیی وڵات و هەموو نەتەوەو قەومەکانی ئێران، خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی لە وڵاتی ئێمەدا، سەرنجامەکەی ناکامی دەبێ. ئێمە بە پێویستی دەزانین جارێکی دیکە هەڵوێستە هەمیشەیی‌یەکانی خۆمان بە داکۆکیی لێبڕاوانە لە مافەکانی میللییەتەکان و قەومە ژێردەستەکانی ئێران راگەیەنینەوەو بەتایبەتی پێ لەسەر چەند خاڵ دابگرینەوە:

یەکەم، ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو گرنگترین بەڵگەش بۆ ئەم راستییە، هەبوونی میللییەتی جۆراوجۆر لەم وڵاتەیە. حاشا کردن لەم راستییە، یا باسی بێ نێوەرۆکی واتا ناسانەو حقووقی لە بارەی چەمکەکانی "میللییەت" و "قەومییەت" و هتد، هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەگەر (میللییەت یا قەوم)ە ژێردەستەکانی ئێران لە نایەکسانی و بێمافییەکانی پێوەندیدار بە خۆیان ئاگادار بن (کە ئێستا ئاگادارن)و بۆ بە دەستهێنانی ئەو مافانە دەست بە خەبات بکەن (کە بە دڵنیاییەوە هەروا دەکەن) هەر ناوێکیان لەسەر دابنێن، بەمە مەسەلەکەیان چارەسەر نابێ.

دووهەم، ستەمی نەتەوەیی یا قەومی لە ئێران دا، راستییەکی حاشا لێنەکراوە. لانیکەم ناکرێ حاشا بکەن کە نیوەی ئێرانییەکان لە مافی خوێندن و گفتوگۆی رەسمی لەگەڵ یەکتر بە زمانی زگماکییان بێبەشن. ئەم بێ مافی و بێبەشییە بە فێڵ و چاوبەستە رواڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ وێنە پێکهێنانی کورسیی خوێندنی زمانەکانی قەومە ئێرانییەکان لە زانستگەکان لە نێو ناچێ. خوێندن بە زمانی زگماکی مافی هەر مرۆڤێکە کە دەبێ لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەست پێ بکا.

سێهەم ـ مافی دیاریکرنی چارەنووسی نەتەوەکان ناکرێ نە لە باری حقووقی و نە لە باری سیاسییەوە تا رادەی مافی رەزامەندیی ئەوان بە مانەوە لەگەڵ "من" بچووك بکرێتەوە یەك لە واتاکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس یانی مافی دژایەتیکردن لەگەڵ "من" و مافی جیابوونەوە لە من".

قبووڵکردنی ئەم مافە، بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆ فریودەران، ئەگەری جیابوونەوەی نەتەوەکانی ئێران نەك هەر ناباتە سەر، بەڵکوو کەمتر دەکاتەوەو، هاوپێوەدنی ئەوان پتەوتر دەکا. لە روانگەی ئێمەوە، جیایی میللییەتەکانی ئێران زنجیرە کارەساتێکی بێ کۆتایی بۆ هەمووی ئەوان پێك دێنێ. بەڵام بە پێچەوانەوە، قبووڵکردنی مافی جیا بوونەوە، ئەوان لە بارەی پێوەندیی قبووڵتر لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئەم سەرزەوییە ئاگاتر دەکاتەوەو دەیانکا بە هاونیشتمانی یەکسانی وڵاتێکی فرە نەتەوە.

چوارەم: داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی، بە مانای کەمرەنگ کردنی هاوپێوەندیی چینایەتیی لە کرێکاران نیە. بە پێچەوانەوە یەکێك لە پێویستییەکانی پێداگری لەسەر هاوپێوەندیی چینی کرێکارە. بەبێ قبووڵکردنی ئەم مافە یەکیەتیی چینایەتیی پرولیتاریای ئێران نامومکینە.

نابی لە بیرمان بچێ کە پرولیتاریای ئێران چەند زمانەیە و بە کردەوە، لە سەرمایەداران، چەند زمانەترە.

پێنجەم: گومانی تێدانیە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ بردنە پێشی هێندێك لە گەڵاڵە شوومەکانی لە ئێران و ناوچەدا، هەوڵ دەدا لە مەسەلەی نەتەوەیی کەڵك وەبگرێ. بەڵام ئایا بەم بیانوویە، دەکرێ حاشا لە هەبوونی ستەم و بێبەشی نەتەوەیی لە ئێران دا بکەین؟ ئەوان لەوانەیە هەر بۆ ئەم نیازە، کەڵك لە بزووتنەوەی کرێکاری‌وەربگرن و وەریشیان گرتوە. سەبارەت بە دژایەتیی لەگەڵ پرۆژە جینایەتکارانەکانی ئەمریکا ناکرێ کێشەی نەتەوەیی پشت گوێ بخەین. بەپێچەوانەوە، راست لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دایە، کە پێویستیی داکۆکی لە یەکسانیی مافەکانی نەتەوەکانی ئێران، گرنگییەکی ژیانەکی پەیدا دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "اخبار روز"

# ڕەفسەنجانی و بزووتنەوەی دێموكراسیخوازیی ئێران

حسن شێخانی

یەكێك لە ئەكتەرە گرینگەكانی گۆرەپانی سیاسەتی ئێران، هاشمی رەفسەنجانییە. هەڵوێست و بۆچوونەكانی ناوبراو لە یەكلابوونەوەی ململانێی نێو دەسەڵاتدا دەورو نەخشێكی تایبەتیان هەیە. لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی خولی دەیەمی سەركۆماری بەم لاوە، بەهۆی قووڵبوونەوەی كێشەی نێوان باڵەكانی كۆماری ئیسلامی، هەڵوێستەكانی ناوبراو گرینگییەكی زیاتریان پەیدا كردووەو بۆتە جێی سەرنجی چاوەدێرانی سیاسی و میدیاكانی نێوخۆو دەرەوە.

ئەو هێرشانەی لە لایەن ئەحمەدی نژاد و كاربەدەستە توندڕۆكانی دیكەوە كرانە سەر رەفسەنجانی، نیشاندەری ئەوەن كە تاقمێك لە نێو باڵی بناژۆخوازدا لەگەڵ ئەو دژایەتی دەكەن و دەیانەوێ لە رێگەی هاندان و قەناعەت پێ هێنانی خامنەییەوە وردە وردە لە بازنەی دەسەڵات وەلای بنێن.

لە لایەكی دیكەوە رەفسەنجانی بیر لە قۆناغی دوای مەرگی خامنەیی دەكاتەوەو خۆی لە هەموو كەس بۆ بە دەستەوە گرتنی پۆستی ویلایەتی فەقیه بە حەقدارتر دەزانێ. لە هەمان كاتدا رەفسەنجانی ئاگاداری ئەوەیە كە هێزگەلێك دەیانەوێ ببنە كۆسپی سەر رێگەی بە دیهاتنی ئەو ئاواتەی و، هەوڵ دەدەن بەدیلی بۆی بدۆزنەوە كە وێدەچێ خامنەییش لەگەڵ ئەم هەولآنە دا لاریی نەبێ.

كۆی ئەم فاكتەرانەی سەرەوە رەفسەنجانیان توورە كردوە. بەم هۆیەوە ناوبراو هێندێك جار بە لایەنگری كردن لە نەیارانی ئەحمەدی نژاد، ویستوویەتی ئەو پەیامە بدا كە ئەگەر ئەو هێزو تاقمانە دەست لە دژایەتی كردنی هەڵنەگرن تووشی زیان دەبن. چونكە لەو حاڵەتەدا ئەو ناچار دەبێ قورسایی خۆی بخاتە تای تەرازووی نەیارانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژادەوە. هەروەها رەفسەنجانی دەیەوێ بە نەیارانی بڵێ كە ئەو مۆرەیەك نیە بە ئاسانی بتوانن ئینكاری بكەن و وەلای بنێن.

رەفسەنجانی هۆگری و دڵسۆزییەكی زۆری بۆ كۆماری ئیسلامی هەیەو هەوڵ دەدا لە هەر چەشنە یارمەتیدانێك بەو حەرەكەتانەی ئەگەری كۆنتڕۆڵ نەكران و لە مەترسی هاویشتنی تەواوییەوتی كۆماری ئیسلامییان هەیە خۆی بپارێزێ.

رەفسەنجانی لەگەڵ حەسەن خومەینی و ناتقی نووری لە لایەن خامنەیی‌یەوە بۆ بەشداری لە نوێژی جەژنی ڕەمەزاندا بانگهێشت كران. ئەم مەسەلەیە نیشاندەری ئەوەیە كە خامنەیی لە حاڵەتی لە مەترسی كەوتنی كۆماری ئیسلامی، لە هەمبەر ڕەفسەنجانی و ئاخوندە نارازییەكانی دیكە تەنازول دەكاو تاڕادەیەكیش مل بۆ خواستەكانیان رادەكێشێ. بە پێی هەموو دەركەوتەكان هاشمی رەفسەنجانی لەگەڵ كۆی باڵی بناژۆخواز كێشەیەكی ئەوتۆی نیە. بەڵكوو تەنیا لەگەڵ تاقم و لایەنێك لە نێو باڵی بناژۆخواز دا كە هەوڵی وەلانان و سڕینەوەی دەدەن، كێشەی هەیە. بەم هۆیە ناوبراو هاوڕێ لەگەل ئەندامانی مەجلیسی خوبرەگان، هەڵوێستەكانی خامنەیی بەرزنرخاندو حەرەكەتی ئیعترازیی خەڵكیان لە دوای هەڵبژاردنەكانەوە بە ئاژاوەگێڕی لە قەڵەم دا. بەم پێیە شیمانە دەكرێ هەوڵەكانی رەفسنجانی و ئەو پلانەی باسی لێوە دەكا لە پێناوی چارەسەر كردنی كێشەی نێوان مۆرە سەرەكییەكانی ڕژێیم دا بێ نەك لە پێناوی چارەسەركردنی قەیرانی رەوایی نێوان خەڵك و نیزام.



مەهدی كەڕووبی كە بە شێوەیەكی جیددی هاتۆتە مەیدان و لێبراوانەتر لە هەموو ئاخوندەكانی دیكە هەڵوێست دەگرێ، لە نامەیەكدا رەخنەیەكی توندی لە هاشمی رەفسەنجانی گرتوەو ئەو پرسیارەی لێ دەكا: ئایا مەجلیسی خوبرەگان ئەركی چاوەدێری كردنی كارو كردەوەكانی وەلی فەقیهی بە جێ هێناوە؟ ئایا لەو ماوەیەدا هیچ لادانیك لە یاسای بنەڕەتی دا نەهاتۆتە ئاراو كردەوەكانی خامنەیی هیچ كەم و كوڕییەكیان نەبووە كە هیچ رەخنەیەكی لێ نەگیراوە؟

ئەگەر سەیری هەڵوێست و قسەكانی ئاخوندە خاوەن دەسەڵات و پێگەكان بكەین بۆمان دەردەكەوێ ئەو ئاخوندانەی بە شێوەیەكی جیددی دژایەتیی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دەكەن ژمارەیان كەمەو ئەوانی دیكە زیاتر لە فكری پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خۆیان و مانەوەی كۆماری ئیسلامی دان، تا دەستەبەربوونی ماف و ئازادییەكانی خەڵك. تەنانەت میرحوسێن موسەوییش كە یەكێك لە رێبەرانی بزووتنەوەی نارەزایەتییە لە فكری ئەوە دایە كە بزووتنەوە ئەوەندە رادیكال نەبێ كە مانەوەی كۆماری ئیسلامی لە مەترسی بكەوێ.

بە سەرنجدان بەو شرۆڤەیەی خرایە روو پێویستە خەڵكی ئێران بە هوشیارییەوە لەگەڵ ئەم قۆناغە مامەڵە بكەن و هەموو ئەو مۆرەو كەسایەتییانەی نوێنەرایەتی خواستەكانیان ناكەن وەلا بنێن.

بۆ ئەوەی بزووتنەوەی نارەزایەتی بتوانێ باڵی خامنەیی ـ ئەحمەدی نژاد ناچار بە پاشەكشە بكا پێویستە كە :

١ـ دروشم و ئامانجەكانی خۆی بە شێوەیەكی روون و دیاریكراو بێنێتە ئاراوە.

٢ـ ئەم بزووتنەوە كۆمەڵایەتییە ببێتە بزووتنەوەیەكی مەدەنی خاوەن رێكخستنێكی بەهێز.

٣ـ رێبەرایەتییەكی جێی متمانە كە لە نێو خەڵكەوە سەر هەڵ دەدا جڵەوی ئەم بزووتنەوەیە بەدەستەوە بگرێ.

پشت بەستن بەو ئاخوندانەی كە زیاتر لە بیری بەرژەوەندیەكانی خۆیان و پاراستنی كۆماری ئیسلامی دان و پێڕەوی‌كردنی كوێركوێرانە لەوان، تەنیا بە زیانی بزووتنەوەی دێموكراسیخوازیی ئێران تەواو دەبێ.

---

درێژەی:

# كوردو بزووتنەوەی سەوز

شەڕی كوردستان كە كوژرانی دەیان هەزار كەسی لێ كەوتەوە، كاریگەرییەكی ئەرێنیی لەسەر سایكۆلۆژی دوو لایەن بەرامبەر بە یەك دانا. ئەم شێوە روانینە لە لایەن خەڵكی كوردستانەوە تا ئێستاش هەر هەیە، ئەگەرچی بە خەستییەكی جاران نیە، بەڵام گەشەسەندنی بیری ناسیۆنالیزمی كورد كاریگەریی لەسەر مانەوەی ئەم روانگەیە هەیە.

**ب) گەشەسەندنی بیری ناسیونالیزمی كوردی:** كۆتاییەكانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی و ساڵەكانی دەیەی ٨٠ بە گشتی، بیری ناسیونالیزمی كوردی لە ژێر كاریگەریی هۆكاری جۆراوجۆر وەكوو پەرەسەندنی بواری راگەیاندن، رووداوەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان و... گەشەسەندنێكی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. ئەم بابەتەش بەش بە حاڵی خۆی كاریگەرییەكی بەرچاوی لەسەر لاوازیی هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی كورد لەگەڵ خەڵكانی دیكەی ئێراندا داناوە. تەنانەت دەكرێ بڵێین بەشێك لە خەڵكی كوردستانی ئێران ئێستا ئەوەندەی كە بەدواداچوونی رووداوەكانی هەولێرو دیاربەكر دەكەن، بەو رادەیە گرینگی بە گۆڕانكارییەكانی تاران نادا. هەروەها لە لایەكی دیكەوە گەشەسەندنی بیری ناسیونالیزمی كوردی بۆتە هۆی ئەوەیكە خەڵكی كورد بۆ خۆیان سنوورێك لە نێوان خۆیان و خەڵكانی دیكەی ئێراندا بكێشن، بە چەشنێك كە هەستی هاوسۆزی و هاوخەباتییان لەگەڵ دانیشتوانی دیكەی ئێراندا لاواز بووە.

**ج) مێژووی بێدەنگیی دانیشتوانی دیكەی ئێران بەرامبەر بە سەركوتی رێژیم لە كوردستان:** ئەمڕۆكە بۆ هەموو كەس ئاشكرایە كە لە مێژووی ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتدارێتیی كۆماری ئیسلامی‌دا دەزگای سەركوتی ئەو رێژیمە چەندین قات زیاتر خەڵكی كوردی سەركوت كردوەو لە بەرامبەریش‌دا گەلی كورد بە نیسبەت هەموو گەلانی دیكەی ئێران چەندین قات زیاتر بە دژی رێژیم خەباتیان كردوەو قوربانیان داوە. بەڵام لێرەدا جگە لە"خاڵی ئەلف" كێشەكە ئەوەیە خەڵكی ناوچەكانی دیكەی ئێران كە تا ئێستا لە لایەك نەتەنیا بەامبەر بە سەركوتی خەڵكی كوردستان هەڵوێستێكی شیاویان نەبووە، بەڵكوو لە لایەكی دیكەوە پشتیوانییان لە خەباتی رەوای گەلی كوردیش نەكردوە. بۆ نموونە لە ساڵەكانی دەیەی ٨٠ی هەتاوی‌دا چەندین جار نارەزایەتی و خۆپێشاندان و مانگرتن لە زۆربەی هەرە زۆری شارەكانی كوردستان بەڕێوە چووە، تەنانەت بۆ یەكجاریش هیچ حەرەكەتێكی پشتیوانی لە خەڵكی كوردستان لە ناوچەكانی دیكەی ئێران نەبینرا.

ئەمەش ئەو هەستەو ئەو باوەڕەی لە نێو خەڵكی كورددا بەهێز كردوە كە دانیشتووانی دیكەی ئێران وێڕای دەسەڵات باوەڕیان بە مافەكانی ئەوان نیەو رێز لە داخوازییەكان و ناسنامەی جیاوازیان ناگرن. پێویستە بگوترێ كە راگەیەنە گشتییە فارس زمانەكانیش رۆڵێكی گرنگیان لە دروست بوونی ئەو هەستە لای خەڵكی كورد هەیە. وەرگر (مخاطب)ی كوردی راگەیەنە گشتی‌یە فارس زمانەكان زۆر بە ئاسانی پەیامی بەهێزی دژایەتیی داخوازییەكانی خەڵكی كورد لە لایەن خەڵكی جۆراوجۆرەوە لەو راگەیەنانە وەردەگرێ

هەر سێ هۆكاری ئاماژە پێ كراو لە خاڵەكانی "ئەلف و ب و ج" هاوڕێ لەگەڵ كۆمەڵێك هۆكاری دیكە بوونەتە هۆی لاوازیی هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی خەڵكی كورد لەگەڵ هاووڵاتیانی دیكەی ئێران بە چەشنێك كە بە تێپەڕبوونی زیاتر لە ٣ مانگ لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوزو بەردەوام بوونی نارەزایەتییەكان تا ئێستاش لە رای گشتی خەڵكی كورددا هەستی هاوبەشییەكی ئەوتۆ لەگەڵ بزووتنەوەی سەوزدا دروست نەبووە.

**٥. روون نەبوونی پێناسەی بزووتنەوەی سەوز:** ئەوەی تا ئێستا لە بارەی بزووتنەوەی سەوزدا ئاشكرایە ئەوەیە كە هەر كەس لە روانگەی خۆیەوە پێناسەی دەكاو بزووتنەوەی سەوز بۆ نموونە وەكوو بزووتنەوەكانی رابردوو پێناسەیەكی دیاریكراوو ئامانج و مەبەستێكی دیاریكراوی نیە. هەر چین و توێژێك بە شێواز و مەبەستی تایبەت بە خۆیەوە بەشداریی تێدا دەكا. هەر بۆیە خەڵكی كوردستان تا ئێستاش بەرچاو روونییەكی ئەوتۆیان سەبارەت بەم بزووتنەوەیە نیە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا كاریگەری لەسەر هەڵوێستی خەڵكی كورد هەبووە. خەڵكی كوردستان بە پێی ئەزموونی مێژوویی خۆیان فێری ئەوە بوون كە لە خۆڕا لەگەڵ هەر حەرەكەتێك نەكەون تا لە ئاكامەكەی دڵنیا نەبن. بۆ وێنە ئەگەر وای بۆ بچین خەڵكی ئێران بە پێی بۆچوونەكانی مووسەوی و كەڕووبی تا ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا بن كە لە چوارچێوەی كۆماری ئیسلامی‌دا گۆڕانكاری بكرێ و مافەكانیان لەو چوارچێوەیەدا دابین بكرێ، ئەوا خەڵكی كوردستان بە ئاسانی ئامادە نین لەگەڵ وەها بزووتنەوەیەك بكەون لە كاتێكدا بۆ هەمووی خەڵك ئاشكرایە كە هەزینەی خەبات لە كوردستان چەندین قات لە ناوچەكانی دیكەی ئێران زیاترە.

ئەو هۆكارانەی كە لە سەرەوە باسیان لێ كرا بە گشتی لە هۆیە سەرەكییەكانی خەمساردیی خەڵكی كوردستان لە بەرامبەر بزووتنەوەی سەوزدان.

**بزووتنەوەی سەوزو پێویستی بەشداری خەڵكی كوردستان لەو بزووتنەوەیەدا**

لە ٣٠ ساڵی رابردوودا یەكێك لە كێشە گەورەكانی بزووتنەوەی كوردو خەڵكی كوردستان ئەوە بووە كە لە خەبات و بەربەرەكانێ لەگەڵ كۆماری ئیسلامی دا بە جۆرێك تەنیا بوون. ئەوە بەو مانایە نیە كە لە ناوچەكانی دیكەی ئێران یا خود خەڵكانی دیكە بە دژی رێژیم خەباتیان نەكردوەو قوربانیان نەداوە، بەڵكوو بەو مانایەیە كە لەو ماوەیەدا لە هیچ شوێنێكی دیكەی ئێران لەو ئاستەداو بەو لێبڕاوییە دژی رێژیم بە مەبەستی رووخانی خەبات نەكراوە. لە كوردستان گەلی كوردو هێزە سیاسییەكانی هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی خۆیان دژ بە رێژیم روون كردبۆوەو خوازیاری رووخانی بوون. بەڵام ئەم حاڵەتە لە ناوچەكانی دیكەی ئێران بەو شێوەیە نەبووە.

ئێستا كە خەڵكی ئێران لە دژی ئەو رێژیمە راپەڕیون كە گەلی كورد ساڵەهایە بەدژی خەبات دەكاو لەم پێناوەش‌دا دەیان هەزار مرۆڤ گیانیان بەخت كردوە، پێویستە وەكوو دەرفەتێك چاوی لێ بكرێ و رێبەرانی بزووتنەوەی كوردستان بە گرتنەبەری سیاسەتێكی گونجاو وەڵامێكی شیاو بەو دەرفەتە بدەنەوە.

لەم نێوانەدا هەڵوێستی حیزبی دێموكراتی كوردستان چ بەر لە هەڵبژاردنەكان‌و چ دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەوز هەڵوێستێكی شیاو بوو، كە رایگەیاند دەبێ گەلی كورد لە دەرفەتی پێكهاتوو بۆ هێنانە ئارای پرسی كوردو داخوازییە رەواكانیان كەڵك وەرگرن. سیاسەتی دروست لەم قۆناخەدا ئەوەیە كە هەموو لایەنەكانی بەشدار لە بزووتنەوەی كوردستان‌دا لەسەر ئەم هەڵوێستە راوەستە بكەن و خۆیان رێك بخەن. بە واتایەكی دیكە گونجاوترین هەڵوێست لەم قۆناخەدا بۆ گەلی كورد بەشداری كردنێكی چالاكانەیە لەو بزووتنەوەیەدا بەڵام بە رەنگ و بۆنی تایبەت بە خۆیەوە، نەك توانەوە لە نێو بزووتنەوەی سەوزدا.

گونجاوترین هەڵوێست لەم قۆناخەدا بۆ گەلی كورد بەشداری كردنێكی چالاكانەیە لەو بزووتنەوەیەدا بەڵام بە رەنگ و بۆنی تایبەت بە خۆیەوە، نەك توانەوە لە نێو بزووتنەوەی سەوزدا

هەروەك لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ كرا بزووتنەوەی سەوز رۆژبەرۆژ رادیكالیزەتر دەبێ و خەریكە بە تەواوی لە چوارچێوەی بیرۆكەی گۆڕانكاری لە نێو نیزامدا دەرباز ببێ و بەڕای زۆر شارەزای سیاسی بەرەبەرە لە حاڵی تێپەڕبوون لە رێبەرانی ئێستا واتە مووسووی و كەڕووبی دایە. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە یەكێك لە تایبەتمەندییە پۆزەتیڤەكانی ئەوەیە كە بزووتنەوەیەكی داخوازی تەوەر (مطالبه محور)ە و هەر چین و توێژێك دەتوانێ خۆی تێدا ببینێتەوە. لەم بارەیەوە بە باوەڕی من جوانترین تەعبیر بۆ بزووتنەوەی سەوز لە لایەن مەهدی خانباباتارانی‌یەوە كراوە كە بە بزووتنەوەی كۆلكەزێڕینە (رنگین كمان)ی ناودێر كردوە بەو واتایەی كە هەر كەسێك جگە لە داخوازییە هاوبەشەكان، بە داخوازی تایبەت بە خۆیەوە، بەشداریی تێدا دەكا.

ئەگەر ئەو پێناسەیە لە بزووتنەوەی سەوز پێناسەیەكی دروست بێ، ئێستا گەلی كورد لە ٣٠ ساڵی رابردوودا باشترین دەرفەتی بۆ هەڵكەوتوە كە بتوانێ وێڕای پێداگری كردن لە سەر داخوازە هاوبەشەكانی هەموو خەڵكی ئێران وەكوو دێموكراسی، مافی مرۆڤ و... داخوازییە تایبەتەكانی خۆی بێنێتە گۆڕێ و بە چالاك بوون لەو مەیدانەدا زیاتر لە هەر كاتێكی دیكە دەتوانێ سەرنجی گەلانی دیكەی ئێران بۆ لای داخوازییە رەواكانی رابكێشێ و زیاتر دۆست و هاوبیر بۆ خۆی پەیدا بكا. پێچەوانەی ئەمە دوورەپەرێزی و ناچالاك بوون لەو بزووتنەوەیەدا نەتەنیا هیچ بەرژەوەندییەكی بۆ گەلی كورد تێدا نیە. بەڵكوو دوور نیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی شێوە روانینێكی مەنفی بە نیسبەت داخوازییەكانی گەلی كوردەوە لە لایەن خەڵكانی دیكەی ئێرانەوە.

**لە كۆتایی‌دا ماوەتەوە ئەوە بڵێین كە لەم قۆناخەدا گرینگترین مەسەلە كە دەبێ حیزبە سیاسییەكان و چالاكانی سیاسی و رۆشنبیرانی كورد بیری لێ بكەنەوە، ئەوەیە كە كورد چۆن بەشداری بكا كە هەم بتوانێ داخوازییەكانی خۆی بە باشترین شێوە بێنیتە ئاراوەو هەم لە بزووتنەوەی سەوزدا نەتوێتەوە. نەك بیر لەوە بكرێتەوە بەشداری بكرێ یان نەكرێ. بە بەشداری نەكردن تەنیاو تەنیا دەرگاكان لەسەر خۆمان دادەخەین.**

# شانازییەکی دیکە بۆ ژنانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا

✍ کوێستان فتووحی

komelayeti@hotmail.com

هەروەك لە ڕاپۆرت و هەواڵەکانی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بیستمان خەڵاتی لەخ والسا بە شادی سەدر و لادەن و ڕوئیا بروومەند بە هۆی تێکۆشانە بەردەوام و شێلگیرانەکانیان لە پێناوی بەرەوپێشبردنی ئازادی بەیان، مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە ئێراندا بەخشرا. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوە چەندەمین جارە ژنانی ئێرانی و بزووتنەوە مافخوازانەکەیان لە لایەن بنیاد و کۆڕو کۆمەڵە جیهانییە بەشەردۆستەکانەوە خەڵاتیان پێ دەبەخشرێ. جێی وەبیر هێنانەوەیە ساڵی ڕابردوو کەمپەینی یەك میلیون ئیمزا بە هۆی چالاکیی ئەندامەکانی لە پێناوی سڕینەوەی جیاوازیدانان لە نێوان ژن و پیاو دا خەڵاتی بنیاتی سیمین دوبواری پێ بەخشرا. پەروینی ئەردەڵان ڕۆژنامەنووس و یەکێك لە دامەزرێنەرانی کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا بە هۆی تێکۆشانی لە پێناوی ئازادی و دیموکراسیدا خەڵاتی ئولاف پالمەی ٢٠٠٧ی پێبەخشرا، کە بە هۆی ڕێگرتن لە ناوبراو لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ دەرەوەی وڵات، پاش دوو ساڵ دواکەوتن لەم ڕۆژانەدا خەڵاتەکەی وەرگرت. هەروەها کومیتەی زانستیی بنیاتی ئەلێکساندەر لانگر خەڵاتی نێونەتەوەیی ساڵی ٢٠٠٩ی خۆی بە نێرگس محەممەدی چالاکی مافی مرۆڤ لە ئێران بەخشی. کەمپەینی یەك میلیون ئیمزا دیسان براوەی خەڵاتی مافی مرۆڤی ٢٠٠٩ی بنیاتی ناحکوومیی فیمینیستی ماجوریتی کە NGO یەکی ژنانەو لە ساڵی ١٩٨٧ لە ئەمریکا دامەزراوە کە ئێستا گەورەترین NGO ی لێکۆڵینەوەی زانستی فیمینسیتییەو لە بواری یەکسانیی جینسی، لەشساغی و سڕینەوەی هەڵاواردنی جینسی تێکۆشانی هەیە. ئەو کەمپەینە هەر ئێستاش کاندیدای خەڵاتی ساڵانەی گۆڤاری "گلمور" ە. ئەو بڵاوەکراوە ئەمریکاییە ساڵانە خەڵات دەبەخشێ بە هێندێك لە ژنانی سەرکەوتوو و ئەو ڕێکخراو و دەستەو گرووپانەی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا تێکۆشانیان هەیە.

**گرنگیی درانی ئەو خەڵاتانە بە چالاکانی مافی مرۆڤ و بزووتنەوەی ژنان لە ئێران**

بەخشینی خەڵات بە بزووتنەوەو چالاکانی ژنان لە ئێران دا نیشانەی سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە بەوان و ئامانجەکانیان. پاشان خەڵات وەرگرتن یارمەتییەکی گەورەیە بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کە ئەمڕۆ فشارێکی یەکجار زۆری لەسەرە و بە هەموو شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە هەوڵی بێدەنگ کردنی دەدرێ. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە دەنگی مافخوازیی ژنانی ئێران لە سەحنەی نێونەتەوەیی دا ببیسترێ. ئەوە پشتیوانی و دڵگەرمییە بە خەباتکارانێك کە سێ دەیەیە لە هەلومەرجێکی سەخت و پڕ لە ترس و نائەمنیدا خەباتەکەیان لە پێناوی ئامانجە بەرزە ئینسانییەکاندا درێژە داوە.

بەخشینی خەڵات بە ژنانی ئێرانی بۆخۆی گرنگیدانە بە ئامانجەکانی ئەوان و ئەمەش دڵگەرمی و ئەنگیزە دەبەخشێ بە خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی و دیموکراسی لە ئێراندا و هەروەها بۆ درێژەدان بە خەبات لە پێناوی ئامانجەکانیاندا، ئەگەر سەختیش بێ، شێلگیرتریان دەکا. هەست بەوە دەکەن لە دنیادا پشتیوانیان هەیە. هەروەها سیما و دەنگی مافخوازی بزووتنەوەکە بە جیهانیان دەناسێنێ. پاشان لە بواری ماددییشەوە بۆ بەرنامەو پرۆژەکانیان دەستیان ئاواڵە دەبێ و دەتوانن ڕێگەی تازەتر ببیننەوە بۆ تێکۆشانیان. ئەمانە لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەدا نەخشیان هەیە.

**ڕوانینی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەو خەڵاتانە:**

دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەر حەرەکەتێکی ئازادیخوازی لە ئێراندا بە دەسکردی بێگانە و چالاکانی مافی مرۆڤ و یەکسانیخوازی بە جاسووس و وەرگرانی ئەو خەڵاتانەش بە دژی شۆڕش (ضد انقلاب) ناودەبەن. هەرکات دنیای دەرەوە سەرنجی زیاتری دابێتە ئەوان بەرپرسانی نیزام، زیاتر تۆهمەت و شتی ناڕەوایان خستۆتە پاڵیان. بەڵام بەخۆشییەوە ئەم شێوە ڕوانینە کەمترین کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ڕوانینی خەڵك بەرامبەر بە چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکانی ژنان دانەناوە، بەڵکوو زۆر زیاتر بوونەتە پشتیوان و هاندەر و هاوکاریان.




**" لخ والسا" سەرۆك کۆماری پێشووی لهێستان، ڕێبەری پێشووی بزووتنەوەی یەکگرتووی لهێستان بوو کە بوو بە هۆی نەمانی حکوومەتی دیکتاتۆری کومونیستی لە ساڵی ١٩٨٩ لەو وڵاتەدا و نەخشی کاریگەری لە مێژووی وڵاتەکەی لە پێناوی ئازادیدا بەڕێوە بردوە. ئێستا تەمەنی ٦١ ساڵە و بە دوور لە کاری سیاسی خەریکی ژیانی ئاساییە.**

**بنیاتی ئولاف پالمە ساڵێك دوای تیرۆری ئولاف پالمە سەرۆك وەزیری خۆشەویست و ناوداری سوئێد لە ساڵی ١٩٨٧ بە مەبەستی سپاس و پێزانین لە هەوڵە مرۆڤدۆستانەکانی ناوبراو دامەزراوە و هەر ساڵەی، بە پێی پێوانەکانی خۆی خەڵات دەبەخشێتە کەسێك یان ڕێکخراوێك کە لە پێناوی ئامانجە ئینسان دۆستانەکان دا خەبات دەکا.**

# بۆچی دەگوڕێنین؟

مامۆستایەك لە قوتابییەکانی پرسی: بۆچی کاتێك تووڕەین دەگوڕێنین؟ بۆ چی خەڵك کاتێك تووڕەن دەنگیان بەرز دەکەنەوە بە سەر یەکتر دا دەگوڕێنن؟

قوتابییەکان بیریان کردەوەو یەکیان گوتی: چونکە لەو کاتەدا ئارامی لە سەرەخۆیی خۆمان لە دەست دەدەین.

مامۆستاکە پرسی: ئەوەی کە ئارامی خۆمان لە دەست دەدەین ڕاستە بەڵام بۆچی لە گەڵ ئەوە لایەنی بەرامبەر لە پەنامان دایە دەنگ بەرز دەکەینەوە؟ ئایا ناکرێ بە دەنگێکی ئارام قسە بکرێ؟

قوتابییەکان هەر یەك وەڵامێکیان دایەوە بەڵام مامۆستاکە بەوەڵامی هیچیان ڕازی نەبوو.

لە کۆتایی دا بەم جۆرە شتەکەی شی کردەوە: کاتێك دوو کەس لە یەکتر تووڕەن، مەودایەك دەکەوێتە نێوان دڵیانەوە. ئەوان بۆ چونکە بە دڵ لێك دوور کەوتوونەوە بۆ ئەوەی دەنگیان دەنگیان بە یەك بگا ناچارن هاوار بکەن، هەر چەندەش ڕێژەی تووڕەیی زۆرتر بێ، ئەو مەودایە زۆرتر دەبێ و ئەوان دەبێ دەنگیان بەرزتر بکەنەوە.



دیسان مامۆستاکە لێی پرسین: کاتێك دوو کەس عاشقی یەکتر دەبن چ ڕوودەدا؟

ئەوان بە سەر یەکتردا ناگوڕێنن، بەڵکو زۆر بە ئارامی قسە لە گەڵ یەکتر دەکەن بۆچی؟ چونکە دڵیان لە یەکەوە نزیکە. مەودای نێوان دڵیان زۆر نزیکە. مامۆستا قسەکانی درێژە پێداو گوتی: کاتێك کە خۆشەویستییان بۆ یەك زۆرتر بوو چ دەکەن؟ ئەوان تەنانەت قسەی ئاسایش لە گەڵ یەکتر ناکەن و تەنیا بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن. دیسان ئەگەر خۆشەویستییان بۆ یەکتر زۆرترو زیاتر بوو سەرئەنجام لەوەش دەگەڕێن تەنیا چاو لەیەکتر دەکەن. ئەوە کاتێکە کە ئیتر مەودایەك لە نێوان دڵەکانیان دا نەماوە.

**لەوێبلاگی "کلام شفا" وەرگیراوە**

# ڕۆژنە

# هەژاری لە نێوان واقع و حاشالێ کردنی دا

✍ عەلی بداغی

لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن دا هەواڵی نەچوونە قوتابخانەی زیاتر لە ٤ میلیون منداڵ بە هۆی هەژاریی بنەماڵەکانیان بوو بە مانشێتی زۆربەی ڕۆژنامە نێوخۆییەکانی ئێران و زۆر لایەن و ڕێکخراو وێڕای بە داخبوونیان لە وەها باردۆخێك لە کەشی پەروەردەیی ئێراندا، خەسارناسیی ئەو واقعە تاڵەیان کردوە.

جاوید سوبحانی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەریی ناوەندی داکۆکی لە مافی منداڵان ئاشکرای کرد کە سەرەڕای ئەوەی منداڵان ٣٣٪ ی حەشیمەتی ئێران پێك دێنن، بەڵام فاکتۆری حەشیمەتیی منداڵان و تایبەتمەندییە جیاوازییەکانی ئەو بەشە گرینگە لە کۆمەڵگە کەمترین کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتی و کەلانی وڵات دا نەبوە. بەڵام هەموو سیاسەتە وردو کەلانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین کاریگەریی خۆی لەسەر منداڵان، ئەویش لە زووترین کات دا دادەنێ.

هەژاری یەکێك لەو فاکتۆر و دیاردانەیە کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوشی منداڵانی ئێران داناوە. بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان و بە لەبەر چاوگرتنی فاکتۆری دیاری هێڵی هەژاری، ١٠تا ١٤ میلیون کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین. بەپێی ئاماری هەیئەتی بەڕێوەبەریی ناوەندی داکۆکی لە مافی منداڵانیش نێونجی حەشیمەتی ژێر ١٨ ساڵ کە دەبێ لە قوتابخانەکان خەریکی خوێندن و پەروەردە بن، دەکاتە ٣٣٪ ی ئەو حەشیمەتەو بەمجۆرە دەبینین کە ٣ هەتا ٤ میلیون منداڵ لەژێر هێڵی هەژاریی موتڵەق دا دەژین و یەکەم کارتێکەرییەکانی هەژاریش لە سەر واقعی ژیانی ئەو منداڵانەش، گەڕانەوەیان لە قوتابخانەو واز هێنانیان لە خوێندنە.

ئەگەرچی ئاماری ورد لەسەر ڕێژەی واز هێنانی منداڵان لە خوێندن لە ساڵی نوێ دا بڵاو نەکراوتەوەو لە بنەڕەت دا وەها ئامارێك زۆر بە سەختی لە لایەن ناوەندەکانی تایبەتەوە بۆ دەرەوە دزە دەکا، بەڵام بە پێی دوایین سەرژمێری ئێران کە ساڵی ١٣٨٥ ئەنجام دراوە، سێ میلیون و ٥٠٠ هەزار منداڵ لە تەمەنی تایبەت بە خوێندنیان دا و لە ڕووی ناچارییەوەو بە هۆی دەستەنگی و دەسکورتی و هەژاری بنەماڵەکانیانەوە وازیان لە خوێندن هێناوەو تێکەڵ بە بازاری کاری وڵات بوون. وازهێنانی منداڵانیش لە خوێندن جگە لەزیانی و خەسارەکانی تایبەت بە خۆی لە بواری پەروەردەی گشتیی وڵات دا، بواری لەباری بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتیی وەك منداڵانی کار، منداڵانی سەر شەقام، چوونە سەرێی ڕێژەی تاوانکاری و نزم بوونی تەمەنی دەست بردنە بەر تاوان و قاچاغ و هتد خۆش کردوە.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە سیاسەتە چەوت و نەگونجاوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەبوونی بەرنامەڕێژی بۆ گەشەی مرۆیی کۆمەڵگە ڕۆژبەڕۆژ خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران زێدەتر لە جاران کردوە. بەڵام گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە بەرپرسانی پێوەندیداری ڕێژیم بەجێی گۆڕینی سیاسەت و پێداچوونەوە بەپلان و پرۆژە و سیاسەتەکانی حکوومەت لەو بوارانەدا بە حاشا لێ کردن لە واقعی تاڵی ژیانی خەڵکانی ئێران بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی ئەسڵی کێشەکەیان داوە. بۆ وێنە لە حاڵێك دا کە موسا سەروەتی، ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامەو بوودجەی مەجلیس ڕادەگەیەنێ کە لە ئێراندا ١٤میلیون کەسیی لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین و پێویستە پێدا چوونەوە بە سیاسەتە ئابوورییەکانی وڵات دا بکرێتەوەو پلانی تایبەت بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە دابرێژرێ، کەچی ڕەزا میری، وەزیری ڕیفاەو دابینکردنی کۆمەڵایەتیی ڕێژیم لە کابینەی نۆیەم دا بەئاشکرا حاشا لە بوونی تاقە یەك کەس لە ژێر هێڵی هەژاری لە ئێراندا دەکاو دەڵێ تەنیا کەسانێك کە کەمتر لە ١ دۆلار دا هاتیان لە ڕۆژ دا هەیە وەك هەژار دەژمێردرێن و ناو براو پێی وایە کە هیچ کەس لە ئێراندا کەمتر لە ١ دولار واتە نیزیك بە ١٠٠٠ تمەن لە ڕۆژدا داهاتیان نیەو ئەگەر هەشبێ، ئەوا لە ژێر چەتری پشێوانیی کۆمیتەی ئیمداو بێهریستی دان، واتە زۆر بە ڕوونی ئەسڵی باسەکە دەسڕێتەوەو وەك یەکێك لە بەرپرسانی ڕێژیم لە بەرامبەر بەرپرسیارەیتی ئەو دۆخە تاڵەدا خۆی دەدزێتەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە تۆ بڵێی بەرپرسان و سیاسەت داڕێژەرانی کۆماری ئیسلامی بتوانن بە ئەو مووچەو مانگانەی بۆ کرێکاران و مامۆستایان و کارمەندانی وەزاتخانەکانی خۆیان بڕیوەتەوە، تەنیا مانگێگ بژین؟ ئاخۆ لە بەرامبەر گەڕانەوە و وازهێنانی منداڵان لە خوێندن و قوتابخانە بە دەستەنگی و دەسکورتی و هەژاری بنەماڵەکانیانەوە بۆ چرکە ساتێکیش هەست بە بەرپرسیارەتی ئازاری ویژدانی دەکەن؟

# هەوەڵ سەحەرە!

**بۆ سوارچاکی کوردایەتی و سەمبولی نازایەتی عەبدوڵڵا شەریفیی بە باوەڕو فیداکار**

ع. وریا



هەوەڵ سەحەرە!

بۆم بانگ کەنە ماەسێوەی

تا بە دەنگە سێحراوییەکەی

وەیلێ سەحەرەم بۆ بلێ

وا سەحەرەو بەری بەیان

لە هەولی شەوێوە را

بە چاوەڕوانی دانیشتووم

ئەوا ئێستاش بەیانییەو دەنوارمەوە ڕێی موکریان

ئەدی بۆچی تۆزو غوباری شۆڕەسواری خۆم نابینم

نە سوار دیارەو نە جوانە ماینەکەی سوار گلاوی ئەسعەدبەگیان

وەیلێ سەحەرە!

مامەسێوە دەردی من ئەمجار گەلێک گرانە

باری خەمێکی گەلێک گرانم لە سەر شانە

خەمی من هەر خەمی لە دەستدانی سوارە تاقانەکەم نیە

خەمی من هەر خەمی جوانچاکە جوانەمەرگەکەم نیە

خەمی من هەر خەمی دلدارە پێشمەرگەکەم نیە

خەمی من خەمی رژانی ئەستێرە گەشەکەی کەشکەشانی کوردایەتی

خەمی من خەمی کوێربوونەوەی کانیاوێکی گوڕەپانی مەردایەتی

خەمی من خەمی پێکرانی سەرکردەیەکی خەباتی نەتەوایەتی و

سەرنانەوەی بە یەکجاریی سەمبولێکی ئازایەتییە

وەیلی سەحەرە!



بەدلی بریان و چاوی گریان

دەنوارمەوە ڕێی موکریان

چ سوار دیار نین! سوار پێکراوو یارگلاو خۆم، دلسووتاو خۆم

دەردی من گەلێک گرانە، هەر لە من نیە، لە هەموو کوردانە

بۆم بانگ کەنە هۆزانوان و بەستەزانان

بۆم بانگ کەنە یەکە یەکەی دەنگخۆشەکان

با بە سۆزترین بەستەیان، با غەمگین ترین ئاهەنگیان، دەبا ناسکترین وشەو دەنگیان،

گوڵبژێر کەم تا سوارە زامارەکەمی پێ بلاوێنمەوە

وەیلێ سەحەرە!

مامەسێوە دە هەستەوەو دەنگ هەلبڕە

با بانگ کەینە ئازدارانی مەهابادو جوانچاکانی لای سەردەشتێ

بەشقی خودای با بۆم بچنە گەدەو لەند و مەیدان چوغەو

لە داوێنی گیارەنگ و مەیدان ئەستەڕو

لە بەر پالی مێرخاسان و سارم و میرقاز

گولی پاییزیم بۆ بێنن،

ئەو گولانە بە تۆزی ڕێی سوارچاکەکەی من نەخشاون

بەوان نەبێ سەبرم نایێ

وا سەحەرەو بەری بەیان

لە پێدەشتی گەرمیانەوە دەبڕم سنوور

بە سەر چیاو لێڕەواردا دەڕوانمەوە بۆ دووری دوور

بۆ شارەزوور،

بۆ زێدو مەکۆی سوارەکەم

وەکوو نالی لە غوربەتدا

نەسیمەکەی بەری بەیان

دەکەم بە پەیکی نێوان خۆم و

دلدارە هەلدێراوەکەم

لێی دەپرسم:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور!

بە من نالێی سوارەبە دیمەنەکەی من لە گەرمەی پشکووتنی گوڵی زامی سەرسینەی داو

لە گەلێ دوا ترپەی ئەو دلە پڕ ئەوینەی دا، بۆ حەبیبەی چاوەڕوانی

بۆ پرشنگ و گەلاوێژو لە بۆ رزگار و زانیارو سەرجەمی خوشەویستانی

چی راسپاردی و پێی دا ناردی؟!

ئـــەم پەخشـــانە بـــە دوای بیســـتنی هـــەواڵی تـــاڵی شەهیدبوونی هاوڕێی خۆشەویست عەبدوڵڵا شەریفی دا، نووسراوەو "کوردستان" بە بۆنەی ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی ئەو کادر بەنرخەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە بڵاوی دەکاتەوە.

# ئەنفال

کوێستان عومەرزادە



**لەم ئێوارە هەناریەدا**
**هاتوم**
**پڕ بەگەروی وڵاتێکی**
**دڵ بریندار ، هاوار بکەم و**
**پێو، بڵێم**
**چەپکێ تریفەم لەگەل کازیوەی**
**خەونێکدا ، بۆ بنێرن**
**بۆ من و،**
**ژنە ئەنفالەکانی**
**ئەم دەشتی کاکی بە کاکییە**
**تا چاوەڕوانیمان هەڵوەرێ**
**چیتر دڵمان کون کون نەبێ**
**با چیتر، چاوی پەنجەرەی خەیاڵمان**
**بەرەو گەرمیان تار نەبێ**

✻ ✻ ✻ ✻ ✻

**ئێـــمە ٢٢ ساڵە**
**هەر هەموو کۆترە بێوەژنەکان**
**شەودەخەینە جامی مەستی سپێدەو**
**لەبەردەم پەنجەوەی ڕوانیندا**
**قژی تەمەن شانە دەکەین**
**لایە لایەو ، نمەی بارانی گەڕانەوەی**
**هەرهەموو هەناسەکان**
**دەوەرینین**
**ئێمە ژنە بی وەرزەکانی وڵات**
**مارە براو، بە**
**پەچەی رەش و، عەبای ڕەش و،**
**وەرزی ڕەشەوە**
**بە دوو ئەژنۆی ئاسنین**
**بەدوو چاوی پر لە حەسرەت**
**چاوەڕوانین**
**دووبارە**
**هەتاو بمان دۆزێتەوە**
**بەهار ئاشت بێتەوە لەگەڵمان**
**چاوەڕوانی**
**گەڕانەوەی**
**جەستەی خەزانە وەرزێکی**
**ئێوەین**
**تا گەڵاکانی تەمەنتان**
**دوای وەرینیش**
**کۆ کەینەوە**

✻ ✻ ✻ ✻ ✻

**دەوەرنەوە**
**بادەنگی گریان چی تر**
**روحمان لە ژێر سێبەر ئێوارەدا**
**نەباتەوە**
**دەوەرنەوە**
**با چیتر**
**تەزووی ئەنفال**
**دڵمان شەقار شەقار نەکا**
**با ، باهۆزەی ئەنفال**
**لەبیر کەین**
**بێ مرووەتی بەسەر پشتی**
**رووبارێدا شۆڕ کەینەوە**

****

**دەوەرنەوە**
**با، بانگی سەڵاتی ئەنفالم ڕۆ**
**لەفەرهەنگی ئەم وڵاتە**
**بێ خۆرەتا بسڕینەوە**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 20 7 Oct 2009



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

## قۆناغێکی نوێ لە دیپلۆماسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا

کوردستان

کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیا کە ئێستا دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی بە دەستەوەیە رۆژی ٢٧ی سێپتامبر لە شاری توریستیی "برایتۆن"ی ئەو وڵاتە دەستپێکردو رۆژانی ٢٨و ٢٩ی سێپتامبر تەرخان کرابوو بۆ تاوتوێ کردنی کۆمەڵێك بابەتی نێونەتەوەیی . لەسەر بانگهێشتی فەرمی ئەم پارتە هەیئەتێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە بەرێزان "خالید عەزیزی"، سکرتێری گشتیی حیزبو "مەولوود سوارە"، نوێنەری حیزب لە بریتانیا پێك هاتبوون رۆژانی ٢٨و٢٩ی سێپتامبر لە بەشی نێونەتەوەیی کارەکانی ئەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوون.

لە کۆنفرانسی ئەمساڵ دا٢٧٧ حیزب و باڵوێز و هەیئەتی نوێنەرایەتیی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان وەکوو میوان بەشدار بوون.

هەروەها بەم بۆنەیەوە کە لیبر پارتی ئێستا سەرۆکایەتی دەوڵەتی بریتانیا دەکا، نوێنەرایەتیی هەموو ئەو وڵاتانەش کە لەگەڵ بریتانیا پێوەندی دیپلۆماتیکیان هەیە، بانگهێشت دەکرێن. لە راستیدا لیبر پارتی جگە لەوەی کە ئەو حیزبە ئەگەر نەگوترێ گەورەترین و دیارترین حیزبی ئورووپاییە، لانی کەم یەکێك لە حیزبە هەرە بەرچاوەکانەو لە دارشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی ئۆرووپا بە تایبەتی و دنیادا بەگشتی رۆڵێکی بەرچاوی هەیەو گرنگیی خۆی هەیە. هەروەها بوونی ئەو میوانانەش کە نوێنەرایەتی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دونیا دەکەن گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بۆیە ئەم کۆنفرانسە لە جێدا خاوەن بایەخێکی تایبەتە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا(لیبر پارتی) رۆژی ٢٨ی سێپتامبر لە کۆڕی بەشدارانی کۆنفرانسەکەدا وتارێکی لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا پێشکەش کرد کە تێیدا چەند پەیامی گرنگی بە گوێ بەشدارانی کۆنفرانسەکە گەیاند. نێوەرۆکی وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە بوو کە نابێ دنیای دەرەوە کێشەکانی ئێران تەنیا لە مەسەلەی چەکی ئەتۆمیدا چڕ بکاتەوەو پێویستە گرنگی بە پرسی دیموکراسی لە ئێران بدرێ. هەروەها"خالید عەزیزی" پرسی دیموکراتیزە بوونی ئێرانی بە بەشداریی سەرجەم نەتەوەکان لە بەرێوە بردنی وڵات گرێ دا.

هەر لە پەراوێزی کارەکانی کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیا سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی تاوتوێکردنی دوایین ئاڵوگۆڕە پەیوەندیدارەکان بە ئێران و کێشەی کورد لەو وڵاتەدا لەگەڵ چەند کەسایەتی و لایەنی جۆاوجۆر کۆبۆوە کە لە نێویاندا دەتوانین ئاماژە بە: " مەگ مێن" ئەندامی پەرلەمان و بەرپرسی کومیتەی دیموکراسی پەرلەمان، "کوتلەی ئەرك" سکرتێری گشتیی پارتی کۆماریخوازی تورك لە قیبرس، "جۆ بلینگ هام" بەرپرسی نێونەتەوەیی پارتی کرێکاری بریتانیا، "رێچل" راوێژکاری سیاسی دەفتەری سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، "ماریا فرانس ئاندری" لە باڵوێزخانەی بێلژیك و "لویس ئەیالا" سکرتێری ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست، "دۆگلاس ئەلکساندر" وەزیری کاروباری گەشەی نێودەوڵەتی، "گلینس ویل مۆت" سەرۆکی ئەندامانی پەرلەمانی ئورووپای حیزبی کرێکاری بریتانیا لە پەرلەمانی ئورووپا، "کاتی دیلۆن" کارگێڕی سیاسیی یەکیەتی لاوانی سوسیالیستی ئورووپاو " جیمێنت زالت بومێڵ" لە حیزبی کاری هۆلەند. لەم پێناوەدا "خالید عەزیزی" لە دوو دیداری گرنگدا لەگەڵ "دیوید میلیباند" وەزیری دەرەوەی بریتانیاو "ئێهود باراك" وەزیری بەرگریی ئیسراییل کۆبووەوەو روانگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە بارەی چارەسەر کردنی پرسی کوردو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، خستە بەر باس.

کۆنفرانسی لیبر پارتی وەکوو تریبوونێك بۆ زیاتر ناساندن و باس کردن لە کێشەی کوردو دەرخستنی هەرچی زیاتری راستییەکانی پێوەندیدار بەم مەسەلەیە لەگەڵ نوێنەرانی حیزبە نێونەتەوەییەکان و نوێنەرانی وڵاتانی دونیا کەڵکی لێ وەرگیرا، بۆیە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش گرنگییەکی تایبەتی پێ داو بە هەیئەتێکی پایەبەرز بەشداریی لەو کۆنفرانسەدا کرد، کە دەکرێ بگوترێ مەبەستەکانی خۆشی بە باشی پێکا.

بەشداریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ئەوتۆدا بێگومان گرنگی تایبەت بە خۆی هەیەو دەکرێ لە چەند لایەنەوە لێك بدرێتەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش کۆنگرەی چواردە کۆمەڵێك هەنگاوی جیددی لە پێناوی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵگرت و رایگەیاند کە بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی کورد لە هەموو شێوازەکانی خەبات بە پێی هەلومەرج کەڵك وەردەگرێ. بەشداریی "حدك" لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکاری بریتانیا دەکرێ وەك بەرەو پێشچوون و وەرچەرخانێك لە رووی دیپلۆماسییەوە چاو لێ بکرێ.

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە کۆمەڵگای جیهانی تا ئێستا کێشەکانی ئێرانی زیاتر لە چوارچێوەی کێشەی ئەتۆمی و هەندێ ئاژاوە گێڕیدا کورت کردۆتەوەو لە پەنای ئەمەدا گرنگیی بە مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان نەداوە. ئەوەی کە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وەها کۆنفرانسێکدا هەوڵ دەدا روانگەی دونیای دەرەوە بەرامبەر بە ئێران لە چوارچێوەی کۆمەڵێك لێکدانەوەی نەریتی و سنووردارد دەرباز بکا، بابەتێکی جێ سەرنجە کە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان هەوڵەکانی خۆیان لەو پێناوەدا بخەنە گەڕ. لە راستیدا ئەم جۆرە هەوڵانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێویستە دونیای دەرەوە لە روانگەیەکی واقیعبینانەوە، هەموو تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی کۆمەڵگای ئێران لە بەرچاو بگرێ. لە کۆتایی دا پێویستە بڵێین ئەگەر پرسی دیموکراتیزەکردنی ئێران بۆ کۆمەڵگای جیهانی ببێ بە بابەتێکی جیددی، دەکرێ بڵێین قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکانی لە ئێران دست پێ دەکا. ئەمەش کاتێك مسۆگەر دەبێ کە چیدیکە نەهێڵین دونیای دەرەوە کێشەکانی ئێران لە کێشەی ناوکیدا کورت بکاتەوەو سەقامگیر کردنی دیموکراسی لەم وڵاتە پێویستە ببێتە بابەتی سەرەکی.

## وێبلاگنووس

### گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی "دیالۆگ" (DIALOGUE) کە بەرهەمەکانی رەشید ئەحمەدەرش لەخۆ دەگرێ، بەمشێوەیە لە بارەی بەرێوەبەرو نێوەرۆکی لاپەڕەکەوە دەدوێ:

لە گەلاوێژی ١٣٥٤ لە گوندی لك بن هەڵکەوتوو لە کوێستانەکانی لەندی شێخان لە نێوان مهابادو پیرانشار لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژار لە دایك بووم و دوای برینی قۆناخە سەرەتاییەکانی خوێندن کارناسی زمانی ئینگلیزیم لە زانکۆی تەورێز وەرگرتووە کارناسی کۆمەڵناسیشم لە زانکۆی تاران خوێندەوە، هەنووکەش خەریکی برینی قۆناخی دوکتۆرای کۆمەڵناسیم لە زانکۆکانی تاران. هەروەها لە قوتابخانەکان و زانکۆکانی بۆکان خەریك بە وانە وتنەوەم و ئەو لاپەڕە ئیلێکترۆنییەش نووسینەکانم لەخۆ دەگرن کە لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دا دەیاننووسم.

بابەتەکانی وەك :. نان اغشته به عرق و خون (در کورەخانەها چه میگذرد؟)، پیروزی _ اثر:رنه میگریت، تشییع تاریخ، مرگ یا تجدید حیات جامعەشناسی در ایران؟، علی ابادی برای وزارت نیرو معرفی شد، اشنایی با متفکران اندیشه انتقادی، در هیاهوی پس از انتخابات صدای قربانیان مین در کردستان را کسی نشنید، دموکراسی رادیکال: نگاهی به اندیشه لاو و موفه، پۆتینەکەت دەر بینە لە نیشتمانی موقەدەسی من (لەسەر رۆڵی تێکدەرانەی رووسیە لە ناوچە دا)و .. هتد دەبینرێن.




نوێترین بابەتی ئەو لاپەڕەیە لە ژێر ناوی "درامەدی بر اندیشەهای انتقادی مکتب فرانکفورت" باس لە رەخنەکانی سەر تیۆری ئابووری مارکس دەکاو بە وردی کاریگەرییەکانی لە سەر دیاردەو بیچم گرتنی هێگلیزم شی دەکاتەوە.

خوێنەرانی بەرێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە بکەن:

/http://www.rashid76.blogfa.com

## رۆژە کەسکەکان" سێن سباستیەنیان سەوزپۆش کرد




لە گەورەترین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی ئێسپانیادا کە لە ژێر ناوی سێن سباتیەن دا بەرێوە دەچێ هاوکات لەگەڵ پێشاندانی فیلمی "رۆژە کەسکەکان" لە دەرهێنانی سینەماکاری ئێرانی خاتووحەنا مەخمەلباف، شاندی داوەرانی فیستیڤاڵ و هەموو سینەماکارانی ئامادەبوو لەو فیستیڤاڵە شاڵ گەردنی سەوزیان بە نیشانەی پشتیوانی دەربڕین لە بزووتنەوەی سەوزی ئێران لە مل کرد.

دوای پێشاندانی ئەم فیلمە دیکۆمینتارییە کە رووداوەکانی پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنی ئێران لەخۆ دەگرێ، حەنا مەخمەلباف لە وتەیەکی دا داوای لە هەموو خەڵکی جیهان کرد دەست بدەنە دەستی ٧٠ میلیۆن خەڵکی ئێران کە لە لە پێناو بە دەست هێنانی ئازادی دا ئامادەن بکوژرێن و ئەشکەنجە بکرێن و تەنانەت دەسدرێژیشیان پێ بکرێ و، نەهێڵن لە بەرانبەر هیتلێری زەمان و ئەلقاعیدەو دیکتاتۆرانی ئێران بشکێن و ئەو کودیتاچییانە دەستیان بە چەکی ناوکی رابگا. چونکی ئێمە خوازیاری ئاشتیی جیهانی و ئازادی بۆ ئێرانین.

## پزیشکان و فیزیکزانانی ئەمریکایی خەڵاتی نوبێلی ٢٠٠٩یان بردەوە



لەبەر داهێنانی شوێنهەڵگری تیشك کە لە کەرەسەو ئامێرە جۆراوجۆرەکانی کامێرای دیجیتاڵ و پزیشکی کەڵکی لێ وەردەگیرێ لەم بوارە دا خەڵاتی نوبێلیان بردەوە.

سێ پزیشکی ئەمریکایی بە ناوەکانی ئێلیزابێت بلەك بێرن بە رەسەن ئوستراليايی، جەك سوستاك بە رەسەن ئینگلیسی و کرول گرایدێر بە هۆی دۆزینەوەی سیستمێکی پاراستن لە کرۆمۆزۆمی مرۆڤ کە یارمەتیی زیاتر بە روون بوونەوەی دیاردەی پیری دەکا خەڵاتی نزیك بە یەك میلیۆن و نیو دولاری ئەمساڵی نوبێلیان بردەوە.

هەروەها لە بواری فیزیکیش دا سێ فیزیکزانی ئەمریکایی ئەمساڵ بوونە خاوەن خەڵاتی نوبێل.

چارلز کائۆ هاووڵاتیی ئەمریکایی بە رەسەن چینی بە هۆی داهێنانی کابلی نووری، جۆرج ئیسمیت بیرمەندی ئەمریکایی و ویلارد بویل فیزیکزانی ئەمریکایی کانادایی

## زیاتر لە سەد شاعێر بایکۆتی خەڵاتەکانی دەوڵەتی کودیتا دەکەن


AN OPEN LETTER

TO SHIRIN EBADI
AND TO ALL THE DISSIDENTS –
THE BRAVE MEN AND WOMEN OF IRAN:

DO NOT FEEL ABANDONED.
DO NOT LOSE HOPE.
THE WORLD KNOWS THAT ITS PHYSICAL
AND SPIRITUAL SURVIVAL IS LINKED TO YOURS.

We, the undersigned Nobel Laureates, strongly condemn the flagrant human rights violations in the wake of the recent presidential election in Iran.

We deplore the violent and oppressive tactics the current regime is using to dissuade protestors from expressing their right to free speech. Your election was shamelessly tampered with and your human rights disregarded. We are outraged by your government's denial of basic liberties to its people, such as detaining large groups of professors, students and innocent civilians, and denying proper funeral services to victims of its violence. These events, and the decision to ban all international media from covering these events, are blatant violations of the democratic principles your government claims to uphold.

We are well aware that throughout the long and glorious history of the Iranian civilization, your ancestors have often stood firmly against both interference from without and repression from within. Today, once again, you are fighting for a just cause.

We urge President Obama and the world's political leadership to support, with all means at their disposal, the people of Iran, who deserve to have their votes counted, their voices heard, and their dignity respected.

(RFE/

بە بۆنەی ناڕازی بوون لە رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێران زیاتر لە سەد شاعیر لە راگەیەنراوێك دا لەمەو بە دوا بایکۆتی ئەو خەڵاتانە دەکەن کە دەوڵەتی کودیتا پێیانی دەبەخشێ.

لەو راگەیەنراوە دا کە واژۆی زۆرلە شاعیرانی ئێرانی پێوە دەبینرێ هاتوە: ئەو رووداوانەی کە لە دوای هەڵبژاردنەوە بەسەر خەڵکی ئێران هاتوون و دێن هەموو خەڵکی دنیا لێی ئاگادارەو بەداخەوە ولامی خەڵکی گۆڕانخواز و یەکسانیخواز بە سەرکوت و ئەشکەنجە درایەوە. هەروەها دەبێ بوترێ پێشتریش زۆربەی هەر زۆری هونەرمەندان و سینەماکاران و .. بە راگەیەنراوی جۆراوجۆر ناڕەزایەتیی خۆیان دژ بە هەڵسوکەوتی دەوڵەت لەگەڵ خەڵك و خۆپێشاندەرەکان دەربڕیبوو.

## ٤٤ براوەی خەڵاتی نوبێل پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی خەڵکی ئێران مەحکووم



رۆژی دووشەممە پێنجی ئۆکتۆبەر ٤٤ کەس کە لە بوارە جیاجیاکان کە لە ساڵی ١٩٦٠ەوە تا هەنووکە خەڵاتی نوبێلیان بردۆتەوە لە نامەیەك دا روو بە شیرین عیبادی و تەواوی ناڕازییانی ئێرانی دەڵێن: "خەڵکی بوێرو ئازای ئێران! هەڵبژاردنەکەدا بە شێوەیەکی دزێو دەستی تێوەردراوەو مافەکانتان بەهێند نەگیراوە. خۆتان بە بێ کەس مەزانن، هیوالێبڕاو مەبن. دنیا دەزانێ مانەوەی فیزیکی و مەعنەویی خۆی بە ئێوە بەستەیە.

هەروەها لەو نامەیەدا داوا لە سەرکۆماری ئەمریکاو رێبەریی سیاسیی جیهان کراوە کە بە هەموو دەسەڵاتەوە پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەن، چونکی خەڵکی ئێران شایانی ئەوەن کە رێز لە دەنگیان بگیرێ.

## ژمارە ٥ ــ ٦ گۆڤاری K21




بە کۆتایی هاتنی هاوین، ژمارە ٦ ــ ٥ ی گۆڤاری K21 کە تایبەتە بە وەرزەکانی هاوین و بەهاری ٢٠٠٩، چاپ و بڵاو بۆوە.

K21 ئەمجارەش بە دەیان بابەتی مێژوویی، دیکیۆمێنت و وتارو نووسینی بەنرخەوە، هاتۆتەوە ژووانی خوێنەران و ئەوگرانی. لەم ژمارەیەی K21 دا بەیاننامەی کۆتایهاتنی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو بۆتەوە. ئەم بەڵگەنامە نایابە یەکەم جارە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران.

